دیمۆکراسی بۆ ئێران

# کوردستان

خودموختاری بۆ کوردستان

٢١ی بانەمەڕی ١٣٨٠
١١ی مای ٢٠٠١

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٣١٠
١٠٠ تمەن

## وتووێژی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێ عبدالله حسن زادە



لەم دوایی‌یانەدا هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزب لە سەفەرێکی چەند مانگە بۆ دەرەوەی وڵات، گەڕایەوە کوردستان. رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بەم بۆنەیەوە وتووێژێکی لەگەڵ پێک هێنا کە رۆژی ٨٠/٢/١٨ لە بەرنامەکانی ئەو رادیۆیەدا بڵاو بۆوە.

سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەم وتووێژە رادەکێشین:

٢

## چەند بەشێك لە کارنامەی رێژیم لە بواری دژایەتی کردنی چاپەمەنی‌یەکان دا

رەوەز

سێهەمی مانگی مای هەموو ساڵێك، رۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی، رۆژی رێزگرتن لە نەخشی پڕ بایەخی چاپەمەنی وەك کۆڵەکەی چوارەمی دێمۆکراسی‌و رۆژی قەدرزانی لەو رۆژنامەنووس‌و خاوەن قەڵەمانەیە کە ئەرکی گەورەو دژواری گەیاندنی زانیاری‌و روونکردنەوەی بیروڕای گشتیی خەڵکی وڵاتانی جیهانیان بە ئەستۆوەیە. ئەگەر لە جیهانی پێشکەوتووو ئەو وڵاتانەی کە دێمۆکراسی‌یان تێدا سەقامگیر بووە. خەڵك رێز لەم رۆژە پیرۆزە دەگرن‌و قەدرزانیی خۆیان بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان‌و بەگشتی بنەماڵەی چاپەمەنی سەبارەت بە خزمەتی بێ‌دریغیان بە کۆمەڵگەی ئینسانی نیشان دەدەن، لە ئێرانی دیکتاتۆر لێدراوی ئێمەدا لەو رۆژەوە کە یەکەم رۆژنامە چاوی پشکوتوە (یەکەمی مانگی مای ١٨٣٧ی زایینی‌یەوە) رۆژنامە نووسان، ئەو مرۆڤە بوێرو ئازادبیرە قارەمانانەی بێجگە لە قەڵەمەکانیان چەکێکی دیکەیان بۆ دیفاع لەو خەڵکەو ئامانجە ئازادیخوازانەکانیان نیە، بێجگە لە چەند قۆناغی کورت خایەن لە مێژووی هاوچەرخ دا، هەروا لەگەڵ هەڕەشە، زیندان، ئەشکەنجە، تیرۆرو . . . بەرەوڕوو بوون‌و لەلایەن دەسەڵاتدارانی پاوانخوازو دیکتاتۆرەوە ستەمیان لیٚ کراوە.

٧

## خزمەتی ئەنجومەنە ئەدەبی‌یەکانی کوردستانی ئێران بە فەرهەنگی گەلەکەیان

فەرهاد

پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی‌و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، خەڵکی کوردستان بەهیوا بوون کە ئاسەواری زوڵم‌و زۆری دەیان ساڵەی رێژیمی پێشوو بسڕنەوەو لە بن چەوسانەوەی هەموو لایەنە، بەتایبەت ستەمی فەرهەنگی، رزگاریان بیٚ‌و بتوانن لە گشت قۆناغەکانی خوێندن دا بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن، بنکەو بنیات‌و ناوەندی جۆراوجۆر بۆ خزمەت بە فەرهەنگی نەتەوایەتیی خۆیان دامەزرێنن‌و وەکو گەلانی ئازادی جیهان، خاوەن کەسایەتی‌و ناسنامەی خۆیان بن.

بەلام سەرانی کۆماری ئیسلامی بەدوای پتەوکردنی جێگە پێی خۆیان، نەك هەر هیچ هەنگاوێکیان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو زوڵموزۆرەی لە گەلی کورد کرابوو هەڵ نەهێنایەوە، بەڵکوو لە زۆر بواردا، بەتایبەتی لەبواری فەرهەنگی‌دا، درێژەیان بە سیاسەتەکانی رێژیمی پێشوو داو وەڵامی داخوازە رەواکانی گەلی کوردیان لەبارەی خوێندن بەزمانی کوردی‌و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکەی خۆی، بە ئاگرو ئاسن دایەوە. بە فتوای خومەینی رێبەری رێژیم، شەڕێکی ناڕەوا بەسەر گەلی کورددا سەپێنراو کوردستان میلیتاریزە کرا. کوردستان کرایە گۆمی خوێن‌و بە هەزاران کەس لە رۆڵەکانی ئەم گەلە خێر نەدیوە بە تاوانی داواکردنی ئازادی خوێنیان رژا.

٩

## لەم ژمارەیەدا

☑ تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات (نۆروێژ، سوئێد، فەرانسە، سویس، ئاڵمان) ١١

☑ چەند هەواڵی کوردستانی ئێران ١٣

☑ قووڵبوونەوەی قەیرانی سیاسیی رێژیم‌و ئەرکەکانمان ١٤

☑ دیاری بۆ کتێبخانەی "کوردستان" ١٥

## بڕووخیٚ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# وتووێژی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب

**رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران: هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر ماموٚستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە! سەفەری ئەمجارەتان هەم لەباری ماوەوە ـ کە زۆری خایاند ـو هەم لەباری ژمارەی ئەو وڵاتانەی سەفەرت بۆ کردن‌و هەروەها لەبارەی هەڵسووڕان‌و تێکۆشانی بەرچاوتان، لەگەڵ جاران فەرقی هەبوو. پێشەکی لەلایەن رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە ماندوو نەبوونیت لێ دەکەین‌و بەخێرهاتنەوەت پێ دەڵێین. ئەگەر دەکرێ بفەرموون مەبەستە سەرەکی‌یەکانی سەفەری ئەمجارەتان چ بوون‌و تا چ رادەیەك لە جێبەجێ کردنیان دا سەرکەوتوو بوون؟**

**سکرتێری گشتیی حیزب:** زۆر سپاسی موحیببەتی ئێوە دەکەم، زۆریش خوشحاڵم کە جارێکی دیکە لە نزیکەوە لەگەڵ ئێوە دادەنیشم‌و لە رێگای رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەدوێم. لەو دەرفەتە کەڵك وەردەگرم بۆ ئەوەی گەرمترین سڵاوو رێزی خۆم پێشکێش بە هەموو خەڵکی کوردستان بکەم، بەتایبەتی ئەوانە کە لەگەڵ حیزبەکەیان‌و لە نێوخۆی وڵات دا لەگەڵ هەموو سەختی‌و دژواری‌یەکی هەلومەرجی خەبات، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، تێدەکۆشن. هەروەها سڵاوو رێزم هەیە بۆ زیندانیانی سیاسی‌و بنەماڵە بەڕیزەکانیان‌و بۆ بنەماڵەی شەهیدان بەتایبەتی.

لەبارەی سەفەرەکەمەوە بەڵێ رەنگە بۆ من جێی داخ بێ کە سەفەری ئەو جارەم زیاد لەوەندەی کە بۆ خۆم پێم خۆش بووو بۆ خۆم پێش بینیم دەکرد درێژ بۆوە. لەوەدا کە ئەو سەفەرە چەندە ئامانجەکانی پێکاوە، چەندە لە بەدیهێنانی ئەو ئەرکانەدا کە بۆمن‌و بۆ ئەو سەفەرە دیاری کرابوون، سەرکەوتووم، ئەمن ناتوانم هیچ بڵێم. رەنگە قەزاوەت لەو بارەیەوە بدرێ بە هاوڕێیانی دیکەی حیزبی‌و، لەوەش زیاتر بدرێ بە ئایندە کە بزانین ئەو کارانە چەندە بە بەرهەم بوون. ئامانجی سەفەری ئەو جارە هەر وەکوو جارەکانی دیکە، رەنگاورەنگ‌و جۆراوجۆر بوون. پێش هەموو شتێك ـ چونکی بەدوای کۆنگرەدا بوو کە ئێمە سەفەرمان کرد ـ پێویست بوو کە لە بارەی بڕیارەکانی کۆنگرەو سیاسەتەکانی حیزبەوە پێش هەمووان بۆ ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، لەپاشان بۆ کوردەکان‌و دۆستانی حیزب ـ چ ئێرانی، چ غەیرە ئێرانی ـ بدوێین. جگە لەوە سروشتی‌یە ئێمە کە سەفەری دەرەوە دەکەین، دەچینە وڵاتانی دەرەوە، هەوڵێکیشمان ئەوەیە کە لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکان، حیزبەکان، رێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان، تەنانەت ئەگەر بکرێ‌و ئەوان هەلومەرجیان ئیجازە بدا، لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتانیش قسە بکەین بۆ ئەوەی لەسەر هەلومەرجی کوردستان‌و سەرتاسەری ئێران روونیان بکەینەوە. بەتایبەتی کە هەلومەرجی ئێستای ئێران بە مەرحەلەیەك‌و قۆناغێکی ناسك دا تێدەپەڕێ. خەڵك رەنگە عەلاقەیان هەبێ بەوە کە ئێمە نەزەراتی خۆمانیان بۆ باس بکەین یا هێندێك شتی تازە کە ئێمە رەنگە وەکوو ئێرانی، وەکوو کوردی ئێرانێ زیاتر لێی شارەزاین بۆیان باس بکەین.

دەتوانم بڵێم لەو سەفەرەدا لەگەڵ ئەوەی عەرزم کردن خۆش نەبوو کە ئەوەندەمان پێوە خرا، بەڵام کارێکی نیسبەتەن باشمان کردو کارێکی زۆر، لە زۆر وڵاتان دەگەڵ ئەندامانی حیزبی بەکۆمەڵ، بەتاق تاق‌و بە کومیتە کۆبووینەوە. لە زۆر جێیان ئەوەندەی فورسەت هەبوو کۆبوونەوەی بەرینترمان بۆ کوردەکانی هەر چوار بەشی کوردستان پێك هێنا. لەبارەی سیاسەتەکانی حیزبەوە قسەمان بۆ کردن‌و لەگەڵ زۆر لە کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکان چ ئێرانی چ ئورووپایی ـ چونکە ئەو سەفەرە یەکەم جار بوو کە سەفەری دوورتریشم دەکرد ـو لە هەر جێیەکی ئیمکانی هەبوو دەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتانەش دانیشتین، قسەمان کردو لەبارەی سیاسەتەکانی حیزب‌و بۆچوونەکانمان بەرامبەر بە ئەوزاعی ئێرانەوە بۆیان دواین.

❍ **بەڕێز ماموٚستا! لە قسەکانتان دا باسی دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسان‌و شەخسییەتە جۆراوجۆرەکانی ئورووپاییتان کرد. ئەگەر دەکرێ لە بارەی دیدارو چاوپێکەوتنەکانت لەگەڵ مەقامات‌و شەخسییەتە جۆراوجۆرەکان لە ئورووپا، بۆمان بدوێن، چ ئاڵوگۆڕێکت لەبیروبۆچوونی ئەوان دا بەرامبەر بە حیزبەکەمان، گەلی کوردو کۆماری ئیسلامی بەدی دەکرد؟**

❑ ئێمە لەو سەفەرەدا چ لە ئورووپاو چ لە ئوسترالیا کە تەنیا وڵاتی غەیری ئورووپایی بوو ئەمن سەفەرم بۆ کرد، هەوڵمان داو لەگەڵ زۆر کەس دانیشتین. ئەوەندی کە ئەمن هەستم پێ کرد بەرامبەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە هەڵویستی دۆستەکانمان دا بەدی نەهاتوە. چونکی ئەو هەڵویستەی کە بەرامبەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێستا هەیە، هەڵویستێکە کە بە خۆشی‌یەوە لە دەورانی دوکتور قاسملوودا و بە هەوڵ‌و هیممەتی شەهیدی نەمرمان بناغەکەی دانراوە، ئەو بناغەیە هەروا ماوەتەوەو هەروا پتەوتر بووە. یانی هەموویان ـ ئەو دۆستانەمان ـ لەگەڵ ئێمە هەمیشە گەرم بوون‌و هەمیشە تەئکیدیان کردۆتەوەو پێیان داگرتۆتەوە لەسەر پشتیوانی لە داخوازەکانمان، لەسەر رێزێك کە بۆ خەباتی ئێمە هەیانە، لەسەر ئەوە کە داخوازەکانی ئێمە بە رەوا دەزانن‌و لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو خەباتێکی ئوسوولی پشتیوانی دەکەن. لەو بارەیەوە دەتوانم بڵێم غەیری تەئکیدی دووبارە لەسەر پشتیوانی‌یەکەیان، لە سەر دۆستایەتی‌یەکەیان، ئەمن شتێکی تازەم لێ نەدیون.

بەڵام بەرامبەر بە دوو مەسەلەی ئەساسی دەتوانم بڵێم هێندێك ئاڵوگۆڕی موسبەتم چاو پێکەوت، یەکێکیان بەرامبەر بە مەسەلەی کورد. دەزانن کە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد لە نەتیجەی هێندێك حاڵەتی نائاسایی‌و ناخۆش بۆ کوردو دۆستانی کورددا جۆرە توورەیی‌یەك لە بیروڕای گشتیی جیهانی‌و لە کۆڕو کۆمەڵەکانی دۆستی کورددا پێك هاتبوو، ئەویش حاڵەتی شەڕی نێوخۆیی لە نێو هێندێك حیزبی کوردستانی ـ چ لە داخلی یەکێك لە بەشەکانی کوردستان دا چ لە نێوان کوردی دوو بەشی کوردستان دا ـ ئەوە حاڵەتێکی وای خولقاندبوو کە بەشێکی زۆر لە دۆستەکانمان لەو بارەوە لە کوردان قەڵس بوون. کە لە بەشێکیش قەڵس دەبن، مەعلوومە تەئسیر دەکاتە سەر بەشەکانی دیکەش. بە خۆشی‌یەوە لە نەتیجەی ئەو وەزعە تازەیەدا کە لە کوردستانی عێراق‌و لە نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی کورددا پێك هاتوە، دەگەڵ ئەوەی لەساڵی رابردووش دا بەداخەوە دیسانەکە حاڵەتی پێك هەڵپڕژان‌و شەڕی نێو حیزبە سیاسی‌یەکانی کورد کەم‌و زۆر هەر رووی دا. بەڵام لە نەتیجەی ئەو وەزعە تازەیەدا کە هەیە، ئەفکاری گشتی لە ئورووپاو دنیای دەرەوەدا بەرامبەر بە کورد گۆڕانێکی بەرەو باشی تێدا پێك هاتوە. هەموویان بەچاوی رێزەوە تەماشای خەباتی میللەتی کورد دەکەن. ئەو توورەیی‌و نارەزایەتی‌یەی کە جاران هەستی پێ دەکرا، کەم بۆتەوەو دەتوانین بڵێین هەڵویستی خەڵکی دەرەوە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد چاوەڕوانیی شتی باشی لێ دەکرێ.

مەسەلەی دووهەم کە بۆ ئێمە لە جێی خۆی دا رەنگە گرنگتر بێ، چونکە راستەوخۆ پێوندیی بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌و کوردی ئێرانەوە پەیدا دەکا، هەڵویست‌و بیروبۆچوونی [دنیای] دەرەوە بەرامبەر بە ئێرانە. ئێمە هیچ وەختێکی نابێ ئەوەمان لە بیر بچێتەوە کە وڵاتی ئێمە وڵاتێکی گرنگە، وڵاتێکە لەباری ئابووری‌یەوە وڵاتێکی ←

دەوڵەمەندە، سەرچاوەی ژێرزەمینیی هەن، سەرچاوەی بەکەڵکی ئینسانیی هەن، بازارێکی بەرینە بۆ قاڵ کردنەوەی کالای سەنعەتیی ولاتانی ئورووپایی، بۆیە بۆ ولاتانی دنیایە زۆر گرنگە دەگەڵ ئەو ولاتە پێوەندییان هەبێ. زۆر جاریش لە بەهانەیەک دەگەڕێن بۆ تەوجیهی پێوەندییەکانیان. لە چەند ساڵی رابردوودا ئەو ئیسلاحاتەی کە لە ئێران دا دەستی پێکردبوو لە نێوخۆی حاکمییەتیش دا دوو دەستەی لێ پەیدا ببوو ـ دەستەیەک کە بە ئیسلاح تەڵەب ناسرابوو دەستەیەکی دیکە بە محافزەکار ـ ئەوە ببوو بە هۆی ئەوە کە خەڵک بۆچوونێکی تازە بەرامبەر بە ئێران پەیدا بکەن. ئومیدێکی زۆر بە گۆڕان دە داخلی ولاتی ئێمەدا پەیدا بکەن، تەنانەت هێندێک جار موبالەغەش بکەن. یانی ئەوان ئەوەندە ئومێد پەیدا بکەن کە پێیان وابوو کە ئەو ئیسلاحاتە دەتوانێ ئێران بگەیەنێتە ئازادیو دیموکراسیو بیگەیەنێتە ریزی ولاتانی دێمۆکرات. زۆر جار ئەوە لە دیدارەکانمان دەگەڵ خەڵکی دەرەوەدا هەست پێ دەکرا. وەختێکی ئێمە دەمانگوت کە ئەوانەی خۆیان بە ئیسلاح تەلەب دەزانن‌و لە سەرووی هەموویشیانەوە ئاغای سەید محەممەدی خاتەمی نە ئەوەندە باوەڕیان بە ئازادیو دێمۆکراسی هەیە کە ئێمە باوەڕمان پێی هەیەو خەڵکی دنیای دەرەوەش باوەڕیان پێی هەیە، نە ئەوەندەی کە باوەڕیشیان پێی هەیە، توانایان هەیە جێبەجێی بکەن. زۆر جار پێیان وابوو ئێمە موبالەغە دەکەین یا ئوسوولەن ئاگامان لە وەزعی سیاسیی ئێران نیە. بەڵام لە سەفەری ئەو جارەدا لە هەموو جێیەکی ئیحساسم کرد کە خەڵک تێگەیشتوون کە جمهووریی ئیسلامی تا ئەو ماهییەتەی ماوە، تا ئەو بەرنامەیەی هەیە، تا ئەو قانوونە ئەساسییەی هەیە، ئیمکانی ئاڵوگۆڕی قووڵی تێدا نیە. زۆر لەوانە کە زۆر ئومێدیان بەوە بەستبوو، دەتوانم بڵێم ئێستا لە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی موسبەتو بەتایبەتی ئاڵوگۆڕی قووڵ لە ئێران دا نائومێدن‌و ئەو واقیعە تاڵەی کە بە سەر ئێران دا دەگوزەرێ هەموویانی هوشیار کردۆتەوە. ئەوان ئێستا ئیدی ناتوانن چاوی خۆیان لەوە بنووقێنن کە بە دەیان رۆژنامەو گۆڤار کە پێشتر ئیجازەی دەرچوونیان درابوو، داخراون. بە دەیان‌و سەدان [ کەس لە ]خەڵک گیراون‌و موحاکەمە کراون‌و لە تەبعیدا دەژین، لە کارو مەسئوولییەتی رۆژنامەنووسی یا دەوڵەتی مەحرووم کراون، ئەوانە حەقیقەتێکن کە دنیای دەرەوە مەجبوورە ئیعترافیان پێ بکا. راستە ئەوان وەک ئێمە پابەندی گۆڕانی وەزع لە ئێران دا نین، تەنانەت قسەیەکی جوانیش کە لە بەرپرسانی ئێران بیبیسن، بۆ وان بەهانەیەکە بۆ ئەوەی رەوابیتی خۆیان دەگەڵ رێژیمی ئێرانی پێ "توجیه" بکەن. بەڵام کە گەیشتە جێگایەکی ئاوا، سەرکوتو خەفەقان ئاوا ئاشکراو بێ پەردە بووە، ئەوانیش ناتوانن خۆیانی لێ گێل بکەن. بۆیە لەو بارەوە من ئیحساسم کرد کە ئاڵوگۆڕێکی موسبەت هەیە. ئەوان دەزانن کە ئەو پشتیوانییە بێدریغەی کە کردوویانە، ئەو پشتیوانییە نەیتوانیوە کۆمەک بە ئیسلاحات لە ئێران دا بکاو کۆمەک بە جێگیربوونی ئازادیو دێمۆکراسیو پاراستنی مافی مرۆڤ لە ئێران دا بکا. ئەمن ئەوەی بە شتێکی باش دەزانم. چونکی دنیای دەرەوە، راستە تەئسیری راستەوخۆو کاریگەری نیە، بەڵام دنیای دەرەوە بەرامبەر بە ولاتێک دەتوانێ تەئسیری باش یا خراپ لەسەر خەباتی خەڵکی ئەو ولاتەو لەسەر وەزعی حاکمییەت‌و رەوابیتی حاکمییەت دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک دابنێ.

**❍ بەڕێز مامۆستا، هەر لە پێوەندی دەگەڵ کێشەی نێوخۆیی قۆڵەکانی رێژیم دا، وەک دەزانن ئێستا داغترین مەسەلە لە ئێران، هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆمارییە. حیزب‌و رێکخراوو شەخسییەتە سیاسییەکانی ئێران لە نێوخۆو لە دەرەوەی ولات لەو پێوەندییەدا بەشێوەی جۆراوجۆر بیروڕای خۆیان دەربڕیوە، یان خەریکی هەڵویست گرتن‌و ساغ کردنەوەی بڕیاری خۆیان لەبارەی ئەو هەڵبژاردنەن، حیزبی دێمۆکرات چۆن دەڕوانێتە ئەو هەڵبژاردنەو ئاکامەکانی‌و، هەڵویستی دەفتەری سیاسیی حیزب لەو بارەیەوە چیە؟**

❑ سروشتییە ئێمەش وەکو هێزێکی سیاسیی ئێرانی لەحاڵی بیرکردنەوەو مەشوەرەت کردن داین لەسەر مەوزعو هەڵویستی سیاسیمان بەرامبەر بە هەڵبژاردنی ئایندەی سەرۆک کۆماری لە ئێران دا، هەروەها هەڵبژاردنی میان دەورەیی هێندێک لە ئەندامانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە هەتا ئێستا هەڵ نەبژێردراون. لە کوردستانیش وەک خۆمان دەزانین چەند کورسیی مەجلیس بەتاڵن کە هەر دەبێ لە رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا ئەوانیش ئینتیخاباتیان بۆ بکرێ. ئەمن ناتوانم لێرەداهەڵویستی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانتان بۆ باس بکەم، چونکی راستییەکەی ئەوەیە ئێمە هەتا ئێستا لەو بارەیەوە کۆنەبوونەوەو هەڵویستی سیاسیی رەسمیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانمان دیاری نەکردووە، بەڵام ئەمن لەبارەی ئینتیخاباتەوە نەزەراتی خۆم دەڵێم کە چۆنی دەبینم. رەنگە ئەوەش هەر بگەڕێتەوە سەر ئەو وەزعە کە باسم کرد. ئەمن وای دەبینم کە خەڵکی ئێرانێ ئێستا بەرامبەر بە ئینتیخابات بۆچوونێکی دیکەیان هەیە. ئەگەر ئێمە بێین هەڵبژاردنی ئەم جارەی سەرۆک کۆماری دەگەڵ ئینتیخاباتی دەورەی حەوتەم بەراورد بکەین، پێم وایە فەرقێکی ئەساسیی هەیە. لە دەورەی حەوتەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا خەڵکی ئێرانێ بەگشتی فورسەتێکیان بۆ هاتە پێشێ کە بتوانن ئیرادەی خۆیان بە دەوڵەت نیشان بدەن بە شێوەیەکی زۆر کەم وێنە، هاتن رژانە سەر سندوقەکانی ئینتیخابات‌و بە دەنگێکی یەکجار زۆرەوە سەید محەممەدی خاتەمییان بە سەرۆک کۆمار هەڵبژارد. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە چوار ساڵ سەرۆک کۆماریی ئاغای سەید محەممەدی خاتەمی خەڵکی نەک هەر بەرامبەر بە سەید محەممەدی خاتەمیو بەرامبەر بەقۆڵی ئیسلاح تەڵەب بەڵکە ئوسوولەن بەرامبەر بە کوللی ئینتیخابات لە ئێران دا بەدبین کردوە.

ئیحساسی من ئەوەیە کە خەڵک تێگەیشتوون، پێیان خۆشبێ یا پێیان ناخۆشبێ ـ کە یەقینەن پێیان ناخۆشە ـ گەیشتوونە ئەو نەتیجەیە کە لە رێگای ئینتیخابی ئەم‌و ئەوی دیکەوە ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن. ناتوانن ئاڵوگۆڕی ئەساسی بەقازانجی جێگیربوونی ئازادیو دێمۆکراسیو مافی مرۆڤ‌و ئیسلاحاتی کۆمەڵایەتیو ئابووری لە ئێرانێدا پێک بێنن. لەبەر ئەوە وا ئیحساس دەکەم کە ئینتیخاباتی ئەم سەفەرە، ئینتیخاباتێکی زۆر ساردو بە قەولی مەشهوور ـ ئەوەی کە ئێستا دەوڵەتییەکانیش زۆر ئیشارەی پێدەکەن ـ ئینتیخاباتێکی بێ رەونەق دەبێت. بە دەلیلی ئەوەی کە خەڵک ئێستا ئیدی بە قەولی فارسی "سرخورده" بوون. پێیان وا نیە دەتوانن شتێک بگۆڕن، ئەگەر ئێمە دیققەت بکەین پاش هەڵبژێرانی سەید محەممەد خاتەمی بەهانەی ئیسلاح تەڵەبان‌و خودی سەید محەممەد خاتەمی ئەوە بوو کە مەجلیس لە دەستی جەناحی موخالیف دایە. بەڵام جارێکی دیکە خەڵک لە ئینتیخاباتی مەجلیس دا هاتنە مەیدان‌و بە شێوەیەکی زۆر کەم وێنە لە ئینتیخابات دا بەشدار بوون. لەپاشان مەجلیسێکیان هەڵ بژارد کە بەشی هەرە زۆری تەرەفداری ئیسلاح تەڵەبەکان بوو. کەچی سەید محەممەد خاتەمی سەرۆک کۆمارو ئیسلاح تەڵەبەکان لە واقیع دا گەورەترین پاشەکشەکانیان دوای ئەوە کرد کە مەجلیس کەوتە دەستی ئیسلاح تەڵەبەکان. یانی بوونی مەجلیس بە مەجلیسێکی لایەنگری ئیسلاحات هیچ ئاڵوگۆڕێکی موسبەتی بەسەر وەزعی ئێران‌و سیاسەتی ئێران‌و ئازادیو دێمۆکراسی لە ئێران دا نەهێنا کە هیچ، بەڵکوو بەباری مەنفیدا پاشەکشەی کرد. لەبەر ئەوە کە جەناحی موخالیفی ئیسلاحات ـ ئەو ئیسلاحاتەی کە لە نێو دەوڵەت دا باسی لێ دەکرێ، باسی ئەو ئیسلاحاتە دەکەم نەک ئەو ئیسلاحاتەی خەڵک دەیهەوێ ـ ئەو جەناحە هێندێک ئەهرومی دەسەڵاتی بەدەستەوەن، چ ئەهرۆمی قانوونیو چ ئەهرۆمی عەمەلیو نیزامیو ئەوانە، ئیستیفادەی لەوانە کردو لە واقیع دا پاشەکشەیەکی نیهاییو پاشەکشەیەکی یەکجار قووڵی بە جیناحی ئیسلاح تەڵەب کرد.

ئێستا جارێکی دیکە کە ئینتیخابات لە پێش دایە، ئەوانەی کە تەرەفداری ئیسلاحاتن یا خۆیان بە ئیسلاح تەڵەب دەزانن، دەیانهەوێ داوا لە خەڵکی بکەن بێن باش بەشدار بن. گۆیا ئەوە دەکرێتە رێفراندۆم بۆ ئیسلاحات. ئەگەر خەڵک بە زۆری بێن‌و بەشدار بن‌و رەئی بدەن بە سەید محەممەد خاتەمی، ئەوە رێفراندۆمێکە بۆ ئیسلاحات لە موقابیل جمهووریی ئیسلامیدا. بەڵام ئەمن راست بەرعەکسی ئەوە ←

بیر دەکەمەوە. ئەمن پێم وایە لە ئینتیخاباتی دووی خوردادی ساڵی ١٣٧٦دا، بەڵێ دەقیقەن خەڵك رەئییان دا بە ئاڵوگۆڕ، بە ئیسلاحات. هەرچەند ئاغای سەید محەممەد خاتەمی چێهرەیەکی ناسراو نەبوو، بەڵام چونکی هێندێ شوعاری دەدان کە خەڵك تەرەفداریان بوو، هاتن رژانە مەیدانو خاتەمی‌یان بە ئەکسەرییەتێکی زۆر بەرچاوەوە هەڵ بژاردو کاندیدای مەوریدی نەزەری جەناحی پاوانخوازیان رەت کردەوە. ئەو وەختی بوو کە رێفراندۆم بوو لە موقابیل جمهووریی ئیسلامی‌دا. بەڵام ئەگەر ئێستا خەڵکی ئێرانێ جارێکی دیکە بێنەوە مەیدانێ، رەئی بدەنەوە بە ئیسلاحات، بە نەزەری من نیشان دەدەن کە خەڵکی ئێران بەقەولی مەشهوور حافیزەی تاریخی‌یان نیە. یانی جارێکی دیکە کەسێك هەڵدەبژێرنەوە کە لە ماوەی چوار ساڵدا لە قسە بەو لاوە شتێکی ئەساسیی بۆ خەڵك نەکردوە. ئەوە بۆ تاریخ دەبێ بمێنێتەوە کە سەید محەممەد خاتەمی تەنانەت وەکوو قانوونیش لایەحەیەکی قانوونیی نەبردە مەجلیس بۆ دیفاع لە ئازادیو دێمۆکراسی. سەید محەممەد خاتەمی نەك ئازادیی پێ نەدرا بە خەڵك، ئازادیی بۆ خۆشی پێ تەئمین نەکراو ئازادیی بۆ نیزیکترین یارانی خۆشی پێ تەئمین نەکرا. ئەو نەیتوانی یارانی هەرە نیزیکی خۆشی لە گرتنو کوشتنو راوونانو دەرکردن لە کاری دەوڵەتی‌و ئەو شتانە بپارێزێ.

بەباوەڕی من دەسەڵاتدارانی رێژیم بۆ خۆیان زۆر باش دەزانن کە خەڵك بەرامبەر بە ئینتیخابات بێ‌تەفاوەتە. بۆیە بە هەموو وەسیلەیەك موتەوەسیل دەبن کە بەڵکوو بتوانن خەڵکێکی زیاتر بێننە سەر سندووقەکانی ئینتیخابات. لە وەسیلەی وا کەڵك وەردەگرن کە ئینسان هەر پێی عەیبە ئیشارەیان پێ بکا. ئێستا ئەگەر تەماشا بکەین، لەم رۆژانەدا کە ناونووسین هەیە بۆ کاندیداتۆریی ریاسەتی جمهووری، دیققەت دەکەین کە بە زاهیر خەڵکێکی یەکجار زۆر ناونووسی دەکا. ئەوە ئەگەر بە رواڵەتەوە تەماشای بکەی وا دێتە بەرچاو کە ئەوە نیشانەی عەلاقەی زۆری خەڵکە. بەڵام نایشارمەوە ئەمن پێم وایە بەشێکی زۆری ئەو کاندیداتۆری‌یەی ئێستا دەی بینن دروست کراوە. یانی جەناحەکانی رێژیم هەر دووکیان پێکەوە یا بە جودا دەیانهەوێ کە خەڵکێکی زۆر هان بدەن کە بچن ناونووسی بکەن، خاریج لەو کەسانەی کە بۆ خۆیان داوتەڵەبنو پێیان وایە دەتوانن کارێك بکەن، رەنگە ئەوانە ژمارەیەکی کەم بن، کەمتر لە یەك لە دەی ئەو کەسانە کە خۆیان نووسیوە، بەڵام دەیانەوێ ئەوەی بکەن لانی‌کەم بۆ بازار گەرمی. باسی ئەوەش ناکەم کە شوورای نیگەهبان هەر لە ئێستاڕا بە زمانی ئەحمەدی جەننەتی‌یەوە هەڕەشە دەکا کە ئەوانە هەر بۆ موزاحیمەت هاتوونو ئەوانە مەعلوومە حەزف دەکرێن. یانی هەمووی ئەوانە نیشان دەدەن کە دەسەڵاتدارانی ئێران زۆر نیگەرانی ئەوەن کە ئینتیخاباتی ئەو سەفەرە ئینتیخاباتێکی ساردو مردووو بێ رەونەق بێ. کەوایە ئەمن بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە دەبێ خەڵك ـ ئەوانە کە دەچنە سەر سندووقی ئینتیخابات ـ ئەو سەفەرەی بە بێ‌تەفاوەتیی خۆیان بەرامبەر بە ئینتیخاباتو بەوە کە بەشداریی خۆیان بە حەددی ئەقەللی مومکین بگەیەنن. بە رێژیمی جمهووریی ئیسلامی نیشان بدەن کە باوەڕیان پێی نیە، باوەڕیان بە شوعارەکانی نیە، باوەڕیان تەنانەت بەو جەناح بەندی‌یە نیە کە زاهیرەن لە نێو دەسەڵاتدارانی جمهووریی ئیسلامی‌دا بەرچاو دەکەوێ.

ئەمن بەش بە حاڵی خۆم پێش بینیی ئینتیخاباتێکی سەرکەوتوو ناکەم. رەنگە بۆ من قابیلی پێش بینی بێ، ئەگەر سبەینێ ئینتیخابات بکرێ دیسانەکە سەید محەممەد خاتەمی هەڵ ببژێردرێتەوە، بەڵام ئەوە بە مەعنای ئەوە نیە کە خەڵك ئومێدێکیان پێی هەیە. یەکێك هەر دەبێ هەڵ ببژێردرێ، نەك هەر جەناحی ناسراو بە ئیسلاح تەڵەب، بەڵکوو جەناحەکەی دیکەش، ئێستا موناسیبتر لە سەید محەممەدی خاتەمی شك نابەن. رەنگە سەید محەممەد خاتەمی ئەگەر هەڵبژێردرێتەوە زیاتر لەوە کە بەدەنگی ئیسلاح تەلەبەکان سەرکەوتبێ، بەدەنگی ئەوانە سەرکەوتبێ کە پێیان دەڵێن موحافیزەکار، یان پاوانخواز.

**❍ بەڕێز مامۆستا! زۆر سپاس بۆ روونکردنەوەی جەنابتان لەو بارەیەوە. بەڵام لە قسەکانتان دا باسی جیاوازیی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئەمجارە لەگەڵ هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ٧٦تان کرد. وەك دەزانن قۆڵی ناسراو بە ئیسلاح خوازو بەرەی ٢ی جۆزەردان بۆ پاساودانی بێ‌هێزیی‌و ئەوە کە نەیانتوانیوە وادەکانیان بەدی بێنن، هەوڵێکی زۆر دەدەن خەڵك بهێننە سەر سندووقەکانی دەنگدانو هەر لەو چوارچێوەیەش دا وەك فەرمووتان ئیددیعا دەکەن کە ئەو هەڵبژاردنە رێفراندۆمی ئیسلاحاتە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بە باوەڕی ئێوە نەك سەید محەممەدی خاتەمی بەڵکوو ئەگەر بڵێین ئیسلاح تەڵەبەکانی نێو نیزامی کۆماری ئیسلامی، ئایا بۆ ئەوە دەبێ زیاتر لەوە حیسابی لەسەر بکەین؟ ئەگەر دەکرێ لەو بارەوە زیاتر بدوێن؟**

❑ هەڵویستەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەو بارەیەوە، لە سەرەتای هاتنە سەرکاری جمهووریی ئیسلامی بەشێوەیەکی موشەخەس دوای هاتنە سەرکاری سەید محەممەد خاتەمییش روون بوون. ئێمە ئەو تۆزە ئازادی‌یە کە لە ئێرانێدا بەرچاو کەوت هیچ وەخت ئەوەمان بە دیاریی جمهووریی ئیسلامی‌و بە کەرەمو بەخشیشی ئەم یا ئەو جەناح لە حاکمییەت نەزانیوە، بەڵکوو ئەو جۆرە ئازادی‌یە نیسبی‌یەش کە ئێمە لە ئێرانێدا چاومان پێ کەوت، بەباوەڕی ئێمە شتێك بوو، مەتالیبێك بوو کە خەڵك بە خەباتی خۆیان، بە قیمەتی خوێنو فرمێسکی خۆیان سەپاندیان بەسەر حاکمییەت دا. ئێمە ئەگەر دیققەتتان کردبێ، لە دوو مەرحەلە هەڵبژاردنی پێشوودا، هەڵبژاردنی شووراکانو هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، وەکوو حیزبی دێمۆکرات داوامان لە خەڵك کرد کە لە ئینتیخابات دا بەشدار بن، داواشمان کرد ئەو کەسانە کە لە خۆیان ڕا دەبیننو خۆیان بە مەوریدی ئیعتیمادی خەڵك دەزانن، خۆیان کاندیدا بکەن. لەو وەختەش دا ئێمە پێمان وانەبوو لە ئێرانێدا هەلومەرجێکی ئەساسی، هەلومەرجێکی موناسیب پێك هاتوە، بۆ ئەوەی بەراستی ئیسلاحاتێکی قووڵ لە وڵاتەکەمان دا روو بدا. بەڵکە لەسەر ئەو مەبنایە بوو کە ئێمە پێمان وابوو ـ ئێستاش پێمان وایە ـ لە چووکترین دەرەتان دەبێ خەڵك بۆ پێش بردنی ئامانجەکانی خۆیان ئیستیفادە بکەن. لەو وەختەدا ئیختیلافی بەینی قۆڵەکانی نێو دەسەڵاتی جمهووریی ئیسلامی، وەزعێکی پێك هێنابوو کە خەڵك دەیان توانی بچنە سەر سندووقی ئینتیخابات رەئی بدەنو رەئی‌یەکەش وەکوو جارانی پێشوو بەتاڵان نەچێ، کە کێیان پێ خۆش بوو، ئەوی لە سندووقەکانی ئینتیخابات بێننە دەرێ. دەریش کەوت کە لەو دوو ئینتیخاباتەدا لە هەردووکیان دا کەمو زۆر خەڵك توانییان رەئی خۆیان بێننە سەر کورسی‌و ئەو کەسانە هەڵ بژێرن کە بۆ خۆیان دەیان هەویست. بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەمانگوت بەداخەوە وەراست گەڕا. پێمان خۆش نەبوو وەڕاست گەڕێ. ئێمە لە هەوەڵێوە گوتوومانە لە چوارچێوەی جمهووریی ئیسلامی‌دا ئیمکانی ئەوە کە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ بە قازانجی پەرەگرتنو جێگیربوونی ئازادی‌و دێمۆکراسی لە وڵاتەکەمان دا پێك بێ، زۆر کەمە. زۆر ناخۆش بوو کە هەوەڵەن ئەو بۆچوونەی ئێمە وەڕاست گەڕا. لەوەش ناخۆشتر ئەوە بوو کە ماوەیەکی زۆری ویست تا خەڵکی ئێران هەموویان بەو نەتیجەیە بگەن.

ئەمن ئێستا وا فکر دەکەمەوە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران بەو نەتیجەیە گەیشتوون کە لە چوارچێوەی جمهووریی ئیسلامی‌دا ئیمکانی ئیسلاحاتێکی وەسیع نیە. ئەم، قسەیەك دەکا، ئەو قسەیەك دەکا کەمێك فەرق دەکا. راستە شتی زۆر کەمیش پیاو هەر دەبێ حیسابی لەسەر بکا، بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نیە کە خەڵك وا بزانن کە ئیمکانی ئیسلاحات هەیە. هەر بۆیە ئەمن پێم وایە ئینتیخاباتی ئەو سەفەرەی، ئینتیخاباتێکی بێ رەونەق دەبێ. چونکی پێم وایە خەڵك مەئیووسن لەوە کە بە هەڵبژاردنی محەممەدی خاتەمی یا کەسێکی دیکە یا ئەو نوێنەرەی مەجلیس یا نوێنەرێکی دیکە، ئاڵوگۆڕ لە ئێران دا روو بدا. مەسەلەن ئەگەر دیققەتێك بکەین لە کاندیداتۆریی ئەوانە کە بۆ ئینتیخاباتی میان دەورەیی مەجلیس ناوی خۆیان نووسیوە ـ هەر ئەو خەبەرانەی لە کوردستانەوە بەدەستمان گەیشتوون ـ بۆمان دەر دەخەن کە ←

جەناحی پاوانخواز لێرەش دا، دیسان لە حاڵەتی تەهاجومێکی موتڵەق دایە. زۆربەی ئەو نوێنەرانە کە لە دەورەی پێشوودا رەئی باشیان هێناوەتەوە، تەنانەت هەڵبژێراونو بەڵام نەتیجەی ئینتیخاباتیان لەغو کردۆتەوە، ئەو جار هەر لە دەوری ئینتیخابات دا حەزف کردوون. یانی کاندیداتۆرییەکانیان رەد ـ کردوونەوە، لەبەر ئەوە کە نوێنەری خەڵك بوون، خەڵك رەئییان پێ داوە ئێستا ئەوان چوون کەسانی دیکەیان بۆخۆیان قبووڵ کردون، کە ئەمن پێم وایە وەختێکی ئەوان نوێنەرانی جێگای پەسندی خەڵکیان قبووڵ نەکردوە، باشترین عەکسولعەمەلی خەڵکی کوردستانو خەڵکی سەرتاسەری ئێران بەرامبەر بەو سیاسەتانەی رێژیم ئەوەیە کە ئەوانیش کاندیداکانی مەوریدی نەزەری رێژیم قبووڵ نەکەن. ئەو کارەش هەر بەوە دەبێ کە نەچنە سەر سندووقەکانی ئینتیخاباتو ئەگەر بە ئارایەکی کەمەوە هەڵیشیان بژاردن، بە جمهووریی ئیسلامییان حاڵی کردبێ کە ئەوانە نمایەندەی مەتلوبی خەڵك نین، بەڵکە کەسانێکن کە رێژیم بۆخۆی هێناونیو بۆ خۆی بەسەر خەڵکی داسەپاندون.

❍ **لەسەر ئیزنی بەڕێزتان باسەکەمان دەگۆڕین. سەفەری جەنابت بۆ ئورووپا هاوکات بوو دەگەڵ گەیشتنی نیزیکەی هەزار پەنابەری کورد بە فەرانسە کە ئەو مەسەلەیە لە راگەیەنەکانی دنیا بە تایبەتی ئورووپا دا دەنگدانەوەیەکی بەرینی هەبوو. تکایە بفەرموون ئەو رووداوە چ شوێنەوارێکی لەسەر روانین و هەڵوێستی دەوڵەتانی ئورووپایی و بیروڕای گشتیی ئەوان بەرامبەر بە کێشەی کورد هەبوو؟**

❑ وەختێك کە ئەوانە هاتنە فەرانسە ئەمن لە فەرانسە نەبووم، لە ئیسپانیایە بووم کە خەبەرم زانی کەشتییەك هاتوە نۆسەدو دوازدە کوردی تێدان و کەشتییەکە بە زاهیر خەراپ بووەو سەرنشینەکانی داوای پەنابەرییان کردوە، ئەمن هەر ئەو وەختی هێندێك شتم تێداخوێندەوە کە دەتوانم بڵێم دوایە دەرکەوت راستن. ئیشارە بەو بەشە ناکەم. بەڵام لەسەر ئەوە کە هەڵوێستی ئورووپاییەکان بەرامبەر بەو مەسەلەیە چۆن بوو و تەئسیراتی لەسەر بۆچوونی ئورووپاییەکان بەرامبەر بە مەسەلەی کورد چۆنە، ئەمن لە پێش دا ئەوەی بڵێم دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵی کوردەکان بەرەو وڵاتانی دەرەوە چ ئورووپا بێ چ ئەمریکا بێ چ هەر وڵاتێکی دیکە، بێ بە نوێنگەیەك و مەزهەرێکی ئەو زوڵم و فشارو میحنەتە دەزانم کە خەڵکی کوردستان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا لەگەڵی بەرەوڕوون. چونکی کەسێك لە وڵاتی خۆی دا لە لانی کەمی ماف و ئازادییەکانی خۆی بەرخوردار بێ، بۆچی وڵاتی خۆی بەجێ دێڵێو رووەدەکاتە وڵاتانی دیکەو غەریبایەتی هەڵ دەبژێرێ. بەڵام لەسەر یەك دەگەڵ ئەوە کە رووداوێکی ناخۆش بوو بە تایبەتی بەشێکی زۆری ئەوانە ژن و منداڵ بوون کە بە وەزعێکی زۆر ناخۆش و جێگای داخ گەیشتبوونە کەنارەکانی وڵاتی فەرانسە، ئەمن پێم وایە لە نەتیجەی نیهایی‌دا هێندێك سوودی هەبوو بۆ ئەوەی بیروڕای گشتیی ئوروپاییەکان بەرەو مەسەلەی کورد رابکێشێ.

خەڵکی فەرانسەو بەتایبەتی خەڵکی ئەو مەنتەقەیە کە کەشتییەکە لەنگەری لێ‌گرتبوو بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو پشتیوانییان لەو خەڵکە کرد. بەسەدان بنەماڵە دەهاتن داوایان دەکرد کە کەسێکیان بدەنێ یان بنەماڵەیەکیان بدەنێ بچن بۆخۆیان لەماڵی خۆیان خزمەتی بکەن و بی‌حاوێننەوە، کۆمەکی ئینسانیان بۆ دەبردن، لیباسیان بۆ دەبردن، خۆراکیان بۆ دەبردن یان عەتفێك و مەحەبەتێکی باشی ئورووپاییەکان و بەتایبەتی فەرانسەییەکانی بۆ لای ئەو کوردانەو لە نەتیجەدا بۆ لای مەسەلەی کورد راکێشا. ئەوە بوو بە باعیسی ئەوەی کە وەکو جارێکی دوکتۆر فیشێر وەزیری ئوموری خاریجەی ئاڵمان گوتی ئەگەر تورکیە مەسەلەی کوردی نیە حاشا لە بوونی مەسەلەی کورد دەکا، ئێمە مەسەلەی کوردمان هەیە. چونکی جەمعییەتێکی زۆری تورك و کورد لە وڵاتەکەی مەدا هەیە کە بووشن بە ئەڵمانی. ئێستا ئەوان موشکیلات لەنێو خۆیان دا هەیە کە تەئسیر دەکاتە سەر ئەمنییەتی وڵاتی مە، سەر کارو تێکۆشانی ئیقتیسادی و ئیجتیماعیی وڵاتی ئێمە. ئەوان تێ‌گەیشتن کە ئەگەر بۆ مەسەلەی کورد رێگا چارەیەك نەدۆزرێتەوە لە واقیع دا ئەوە مەسەلەیەکە لە داهاتوودا، لە دوارۆژدا یەخەی وانیش دەگرێتەوە. بۆیە فکر لەوە کە دەبێ مەسەلەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا رێگا چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە کە خەڵکەکە مەجبوور نەبێ وڵاتەکەی خۆیان بەجێ بێڵن، مەجبوور نەبن رووبکەنە وەڵاتانی دیکە، ئەو فکرە کەوتە نێو کۆروکۆمەڵە سیاسییەکانی ئورووپایی و کۆروکۆمەڵە دەوڵەتییەکانیش، تەنانەت لە خاریجی ئورووپایەش ئەوە تەئسیراتی خۆی هەبوو. هەر ئەو وەختی موساحەبەیەکیان دەگەڵ من کرد لە ئیسپانیایە، ئەگەر لەبیرم بێ پێم وایە لە "کوردستان"یش دا بەشێکی مونعەکس بۆوەو لەوێ دا گوتم کە ئەو خەڵکە وڵاتی خۆی خۆش دەوێ، بەڵام کە بەجێی دێڵێ لەبەر زوڵم و زۆر بەجێی دێڵێ. ئەگەر مەسەلەی کورد رێگا حەللێکی بۆ بدۆزرێتەوە ئەمن پێم وایە نەك خەڵك لە وڵاتی خۆی راناکا بەڵکە زۆر لەو کەسانەش کە ئێستا ئاوارەی وڵاتانی دەرەوە بوون دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. بەو شەرتە بزانن لە وڵاتەکەی خۆیان دا ئەمنییەتی گیانییان هەیە، ئەمنییەتی ئیقتیسادییان هەیەو ئەمنییەتی ئیجتیماعییان هەیەو دەگەڵ ئەو میحنەت و زەبرو زەنگەی هەتا ئێستا دەگەڵی بەرەوڕوو بوون، بەرەوڕوو نابن. لەسەر یەك ئەمن پێم وایە هەرچەند ئەوەی ئەو پەنابەرانە تووشی بوون میحنەتێك بوو، بەڵام تەئسیرێکی بەکەڵك و موفیدی لەسەر بیروبۆچوونی دنیای دەرەوە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد دانا.

❍ **بەڵێ لەو وڵاتە ئورووپاییيانەی بەڕێزتان سەفەرت بۆ کردن، بۆ دیدار لەگەڵ جەنابتان و گوێ گرتن لە قسەکانتان، کۆبوونەوەی بەرین بە بەشداریی هاوڕێیانی حیزبی و کوردەکانی ئەوێ پێك هات. سەبارەت بە هەست و سۆز و بیروبۆچوونی ئەو دۆستانەو هەروەها رەخنەو پێشنیارەکانیان، چ شتێکت بۆ باسکردن هەیە؟**

❑ بە سەراحەت دەبێ بڵێم لە هەموو ئەو کوردانەدا کە لە دەرەوەمان هەن، چ کوردەکانی ئێران ئەوانیش چ ئەوانەی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانن و چ ئەوانەی موستەقیلن یان سەر بە جەرەیانی سیاسیی دیکەن و هەروەها کوردەکانی دەرەوەی کوردستانی ئێران یانی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە هەموویان دا ئینسان هەستێکی یەکجار بەهێزی پێوەندی بە کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە دەبینێ. یانی سۆز و عیشق و عەلاقەیەك کە ئەوان بە نیسبەت وڵاتەکەی خۆیان هەیانە، پیاو پێی سەربەرزە. کەسێك کە لێرەڕا دەچێ دەبینێ ئەو خەڵکە هەر وەکو شتێکی پیرۆز تەماشای دەکەن. پێیان خۆشە لێی نیزیك بن، پێیان خۆشە میوانی هەموو ماڵەکان بێ، پێیان خۆشە هەمیشە دەگەڵی بن، کۆمەکی بکەن، کاری بۆ بکەن، مەحەبەتی پێ بکەن. لەو بارەیەوە هەستێکم دیت کە بە هەق ئەمن پێی خۆشحاڵ بووم و شانازیم پێ‌کرد. لە پاشان لەباری بیروبۆچوونەکانیان بڵێم ئەوەندەی ئەمن دیتم هەموویان زۆر بە عەلاقەوە واریدی باسەکان دەبن، بە عەلاقەوە لە کۆبوونەوەکان دا بەشدار دەبن. لەسەر وەزعی کوردستان بە تایبەتی لەسەر ئەو شتانە کە مەربووتن بە سیاسەتی حیزبی دێموکرات، بە بیروبۆچوونەکانی ، ئەو وەختە کە کۆبوونەوەکان حیزبی بوون، ئەگەر کەموکوڕییەکیان لە داخڵی حیزب دا دەدی، زۆر بە دڵسۆزییەوە لە عەینی حاڵ دا زۆر بە سەراحەت ئینتیقادیان لێ دەکردو گلەیییان دەکرد. شتێکی دیکە کە ئەمن لە هەموو کۆبوونەوەکان دا هەستم پێ‌کردو تەنانەت لە پاش کۆبوونەوەکانیش دەمبیست ئەوەبوو کە کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئەو کوردانەی کە خەڵکی کوردستانی ئێران بوون بەڵام سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەبوون، بە پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوانە زۆر خۆشحاڵ دەبوون و پێشوازییان لێ‌دەکرد. تەنانەت زۆر جار ئاواتیان دەخواست کە ئەوە ببێت بە عادەتێك، ببێت بە سوننەتێك بۆ مەسئوولینی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە دەچنە وڵاتانی دەرەوە، ئەو جۆرە کۆبوونەوانە پێك بێنن. راستەوخۆ ئەگەر موشکیلاتێك هەیە، ئەگەر رەخنەو پێشنیارێك هەیە، لە خەڵکی ببیسن و جوابی بدەنەوەو ئەمن پێم وایە ئەو کۆبوونەوانە تەئسیری زۆر باشیان هەبوو لەسەر روون کردنەوەی زەین و بیرو مێشکی کوردەکان، ←

چ ئەوانەی دەگەڵ حیزب دان و چ ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبن، چ ئەوانەی کوردی ئێرانن و چ ئەوانەی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانن و لە هەموو جێیەك کە کۆبوونەوەمان دەکرد ئەو نەتایجە تا چەند ڕۆژیش ئێمە ئەسەرەکانمان دەبیستەوەو دەمان دیتەوە.

❍ **بەڕێز مامۆستا! لەو سەفەرەت دا، جەنابت بۆ یەکەم جار سەردانی ئوسترالیات کرد. ئەوە یەکەم جار بوو سکرتێری گشتیی حیزب دەچووە ئوسترالیا هۆی سەفەر بۆ ئوسترالیا چ بوو؟ دەکرێ بفەرمووی پێشوازیی هاوڕێیانی حیزبی و کوردەکانی پەڕیوەی ئەو وڵاتە لە سەفەرەکەتان بە چ شێوەیەك بوو؟ ئایا بۆتان گونجا هەر لە یەکەم سەفەر دا لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتیو شەخسییەتە سیاسییەکانی ئەوێ دیدارو چاوپێکەوتن بکەن؟**

بەڵێ ئەوە نەتەنیا یەکەم سەفەری من یا یەکەم سەفەری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵکوو وەکوو لەوێ دەیانگوت یەکەم جار بوو کە مەسئوولێکی دەرەجە ئەوەڵی حیزبێکی سیاسیی کوردی سەر لەو وڵاتە بدا. ئەگەر بمهەوێ زۆر بە سەراحەت قسان بکەم دەبێ بڵێم ئەو سەفەرەی من بەشی هەرەزۆری لەسەر ئیسرارو داوای هاوڕێیانی خۆمان لە ئوسترالیا بوو کە چەند ساڵ بوو هەر داوایان دەکرد ئەمن سەفەرێك بۆ ئەوێ بکەم. ئەو سەفەرە بۆ من سەفەرێکی ئاسان نەبوو، لە لایەك هێندێك موشکیلاتی مەڕبووت بە ویزاو کاروباری سەفەری تێدابوون لە لایەك سەفەرێکی درێژخایەنە یانی حدودی بیست، بیست و یەك سەعات ئینسان لە ڕێیەدایە، دەچی هەموو وەزعییەتەکەت دەگۆڕدرێ لەبەر ئەوەی کە مەسەلەن ئێمە لە فەڕانسەڕا سەفەرمان کرد ئەوەڵی بەهارێ بوو، لەوێ تەماشات دەکرد ئەوەڵی پاییزە. شەوت دەبێ بە ڕۆژ، ڕۆژت دەبێ بە شەو. تەواوی بەرنامەی ژیان لەوێدا دەگۆڕدرێ، بەڵام لەسەر ئیسراری ئەو ڕەفیقانە ئەمن سەفەرم کرد، هەدەفیش دیارە وەك هەموو سەفەرێکی دیکە ئەوەیە کە دەگەڵ هاوڕێیانی حیزب کۆدەبیەوە لەباری کاروباری تەشکیلاتی‌یەوە، لەباری کاروباری سیاسی‌یەوە، لەباری کاروباری دیکە کە بۆیان مەترەحە، قسەیان بۆ دەکەی، قسە دەکەن، پرسیار دەکەن، جواب وەردەگرنەوە، پێشنیار دەکەن لێیان قەبوڵ دەکرێ یا ئیحتیمالەن پێشنیارێك دەکرێ کە ئینسان پێی وایە ئەو پێشنیارە وارید نیە جوابیان دەدرێتەوە. لە پاشانیش تەوزیحی هەڵوێستی سیاسی بۆ کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە موقیمی ئەو وڵاتانەن. لەوێش ئەو هەدەفانە هەموویان هەبوون. زۆر بە خۆشحاڵی‌یەوە دەبێ بڵێم ئەو پێشوازی‌یەی لە هاوڕێیانی خۆمان لە وڵاتی ئوسترالیام دیت ـ ئەمنی لە هەموو ماندوویی‌یەکان حەساندەوە. ئەوەندە ئەو هاوڕێیانە ئەو ڕووداوەیان پێ ڕووداوێکی گرینگ بوو، پێیان خۆش بوو کە لە واقیع دا هەم ماندوویی کارو تێکۆشانی خۆیان لەبیر چووبۆوە، هەم ماندوویی ئێمەیان لەبیر بردەوە. چونکی دەگەڵ ئەوەی تەنیا چووینە یەك ئەیالەت، کە مەرکەزەکەی "سیدنی"یە، بەڵام لە هەموو ئەیالەتەکانی دیکەوە هێندێکیان ڕۆژێك پێش مە لەوێ بوون، حەفتەیەکیش کە لەوێ بووم تەواوی ئەو خەڵکە دیسانەکە هەر لەوێ بوون مەرەخەسی‌یان وەرگرتبوو. لەو ماوەیەدا هەمیشە پێکەوە بووین، بە عەلاقەوە لە کۆبوونەوەکان دا بەشدار دەبوون، بە عەلاقەوە سوئالیان دەکردو ئەوانە کە ماوەیەکی کەم یا زۆر بە جۆرێ لە جۆران دووریش کەوتبوونەوە، ئەوانەش بە عیشق و عەلاقەیەکی تازەوە هاتنەوە دەگەڵ تەشکیلاتی حیزبی لەو وڵاتە پەیوەند درانەوەو تێن و گوڕێکی دیکەیان بەکاری حیزبیو بە تەشکیلاتی حیزبی لەو وڵاتە بەخشی. جگە لەوە دەگەڵ کوردەکانی دیکەش هەم کۆبوونەوەی عوموومی‌مان هەبوو هەم دیداری خسووسیم هەبوو. ئەوەش تەئسیراتێکی زۆر باشی هەبوو. هەم بۆ من قابیلی ئیستیفادە بوو مەحەبەتی وانیش بۆ من جێی سەربەرزیو شانازی و خۆشحاڵی بوو، هەم بۆ وانیش شارەزا بوون لە بیروبۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات بەسوود بوو.

دیارە لەو دەرفەتەدا ئیستیفادەمان کرد بۆ ئەوەی دەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتیو خەڵکی ئوسترالیایەش دیدارمان هەبێ، دەگەڵ چەند شەخسییەتی مەسئوول لە وڵاتی ئوسترالیادا ئێمە چاوپێکەوتنمان هەبوو، مەوازیعی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان بۆ باس کردن. وەزعی کوردستانی ئێران، وەزعی ئازادیو دێموکراسیو پێشێلکرانی حوقووقی بەشەر لە ئێرانمان دا بۆ باس کردن. هەستی من ئەوە بوو کە ئەوان لەسەر مەسەلەی کورد زۆر شارەزا نین، چونکی وڵاتێکی دوورن و لە عەینی حاڵ دا خەڵك کەمتر ڕووی تێ‌کردوە، مەرکەزی فەعالیەتی سیاسی نیە وەکوو ئورووپاو ئەمریکاو ئەوانە، لە مەسەلەکە دوورن، بەڵام هەر لەو کاتەدا هەستی من و لێکدانەوەی من ئەوە بوو کە خەڵکی ئوسترالیایە خەڵکێکی بە مەحەبەتن، خەڵکێکی ئازادیخوازن و خەڵکێکی زۆر بە مەحەبەت و گەرمن، وا فکر دەکەمەوە ئەگەر هاوڕێیانی ئێمە لەوێ پێوەندی‌یەکانیان دەگەڵیان بەردەوام بێ، زیاتر بە ئەوزاعی سیاسیی کوردستان و وەزعی میللەتی کوردو ئەو وەزعە کە میللەتی کورد لە کۆنەوە هەتا ئێستا دەگەڵی بەرەوڕوویە ئاشنایان بکەن، بتوانن عەتف و هاودەردی و پشتیوانیی وان بۆ لای خەباتی میللەتی کورد ڕابکێشن، لەوەش موهیمتر بۆ کۆمەڵی کوردەکانی ئوسترالیایە، بتوانن وەزعییەتێکی باشتر پێك بێنن، کۆمەکیان پێ بکەن کە لە باری پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگ و کولتوری خۆیانەوە لەوێ کۆمەکی دەوڵەتی وەربگرن و لەو بارەیەوە زۆر خۆیان پێ بگەیەنن. ئەوە بۆ من زۆر نموونەیەکی باش بوو کە خەڵکی ئوسترالیایە لە واقیع دا پێك هاتوە لە میللەتانی جۆراوجۆر. ڕادیۆیەکیان هەیە کە ئەمن سەرم لێ‌داو دەگەڵ بەشی کوردی وتووێژی ڕادیۆییشم پێك هێنا، کە سەری ئەوێم دا بۆم دەرکەوت ئەو ڕادیۆیە بە حەفتاودوو زمانی جۆراوجۆر بەرنامەی هەیە، یانی هەر میللەتێك کە لەوێ ئەقەللیەتێکی دەژی، هەوڵەن زۆر بە هاسانی توانیویانە تابعییەت وەربگرن و لە جامیعەی وێ دا جێی خۆیان بکەنەوە. لە پاشان هەموو خسووسیاتێکی نەتەوەیی خۆیان بۆ پارێزراوە، دەتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن دەتوانن کەلەپوورو فەرهەنگی خۆیان پەرە پێ‌بدەن لەو بارەیەوە ئەمن پێم وایە ئیمکاناتێکی باش هەیە. نەك هەر ئومێدەوارم دڵنیاشم کە هاوڕێیانی ئێمە لەئایندەدا سەرنج دەدەن بەو مەسەلەیە و کاری بۆ دەکەن و زیاتر لەوەی تا ئێستا کردوویانە، حیزبی دێموکرات و خەباتی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی کوردی ئێران و وەزعی سیاسی لە ئێران دا بە جامیعەی ئوسترالیا، بە کاربەدەستان و مەقاماتی ڕەسمیی ئوسترالیایە دەناسێنن و لەو ڕێگایەوە پێوەندیو عەتف و مەحەبەت و پشتیوانی‌یان بۆ لای میللەتەکەمان و بۆ لای خەباتەکەمان ڕادەکێشن.

❍ **بەڕێز مامۆستا عبداللە حسن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! لە لایەن دەنگی کوردستانی ئێرانەوەی زۆر سپاستان دەکەین کە لەم وتووێژەدا بەشداریتان کرد ئێمە پرسیارێکی ئەوتۆمان نەماوە، ئەگەر جەنابتان قسە یان پەیامێکتان بۆ گوێگرانی دەنگی کوردستانی ئێرانو هەروەها خەڵکی کوردستان هەیە بفەرموون.**

❑ ئەمنیش زۆر سپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان بۆ پێك هێنام کە دەگەڵ خەڵکی کوردستان بدوێم، زۆر سڵاو و ڕێزو حورمەتم هەیە بۆ هەموو هاوکارانتان لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان داو داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لە کاروتێکۆشانی حیزبی و تەبلیغاتی‌داو هەروەها لە ژیانی سیاسیو شەخسی خۆتان دا، ئەمن پەیام و ڕاسپاردەیەکی تایبەتیم نیە بۆ خەڵکی ئێران، غەیری سڵاو و ڕێز و سەردانەواندن لە موقابیل پشتیوانیو هاوپێوەندی‌یان دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داو، دڵنیام لەوەی کە ئەو خەبات و فیداکاری‌یەی کە حیزبی دێموکرات کردوویەتی کە دیارە ئی خەڵکی کوردستانە هەمیشە لە تەرەف خەڵکی کوردستانەوە ڕێزی لێ‌دەگیرێو پشتیوانیی لێ‌دەکرێو چاوەڕوانی ئەوەم لەو مەرحەلەیەش لە خەباتەکەمان دا کە بە دەلایلی جۆراوجۆر دەتوانم بڵێم مەرحەلەیەکی چارەنووسسازە، مەرحەلەیەکی تازەیە خەڵکی کوردستانی ئێران تێکەڵ بە هەموو خەڵکی ئێران و هەموو بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێران، لیاقەت و لێوەشاوەیی خۆیان جارێکی دیکە بەکار بێنن. دووبارە سپاستان دەکەم، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم. ☯

## چەند بەشێك لە کارنامەی ڕێژیم لە بواری دژایەتی کردنی چاپەمەنییەکان دا

درێژەی لاپەڕی ١

ڕووناکبیرێکی وەك میرزا ساڵەح شیرازی بەبڵاوکردنەوەی یەکەمین ڕۆژنامە بەردی بناغەی ڕۆژنامەنووسیی لە ئێران دا دانا و ئینسانێکی وەك "ملکم خان"، "میرزا علیخان آخوندزاده" ، "علی اکبر دهخدا"، "جهانگیر خان صوراسرافیل"، "ملك الشعرای بهار"، "میرزاده عشقی"، "سید اشرف الدین حسینی" و . . . بەر لە مەشرووتەو دوای ئەویش بەبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی وەك "صراط مستقیم"، "وطن"، "صبح صادق"، "کشکول"، "ندای سیاسی"، "زبان ملت"، "حبل المتین"، "صور اسرافیل"، "نسیم شمال" کۆشك و بینای ڕۆژنامەنووسییان لە ئێران بە شەونخوونی، ڕەنج و سەختی و گیانبازیی شیاوی ئافەرینیان بەرز کردەوە.

سەربردەو بەسەرهاتی ڕۆژنامەنووسانی ئێران، چیرۆکێکە پڕە لە فرمێسك و خوێن و ئازارو ئەشکەنجە. مێژووی چاپەمەنی لە ئێران دا بریتییە لە چیرۆکی خوێناویی هەزاران ئازادیخوازی قەڵەمبەدەست کە وەك سیاوەش بۆ سەلماندنی ڕاستی و حەقیقەت بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەنێو کۆمای ئاگردا تێپەڕین، لە ئەشکەنجەگاکانی ستەمگەران و زاڵمانی دوێنێ و ئەمڕۆدا ئەشکەنجەکران و پۆل پۆل بەرەوپیری جووخەکانی مەرگ چوون، بێ ئەوەی بۆ ساتێك ڕێبازی خەڵك لەبیر بەرنەوە.

پێکەوە بەکورتی گۆشەیەك لەم چیرۆکە تاڵە لە سەردەمی ڕەشی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامیدا دەخوێنینەوە:

### گوللەباران کردنی نووسەران لە یەکەم ساڵەکانی دوای شۆڕش دا:

١ ـ عەلی ئەسغەر ئەمیرانی بەرپرسی گۆڤاری "خواندنیها" ـ تەمەن سەرووی ٧٥ ساڵ، ساڵی ١٣٥٩ گوللەباران کرا.

٢ ـ حەمیدی نووری، بەرپرسی ڕۆژنامەی "داد"، تەمەن سەرووی ٧٥ ساڵ، ساڵی ١٣٥٩ گوللەباران کرا.

٣ ـ نەواب سەفەوی سەرنووسەری نێوخۆیی و نووسەری ڕۆژنامەی "انقلاب اسلامی"، ساڵی ١٣٦٠ گوللەباران کرا.

٤ ـ مەنووچێهر بێهزادی سەرنووسەری بڵاوکراوەی "مردم" ساڵی ١٣٦٢ گوللەباران کرا.

٥ ـ فەرەجوڵڵا میزانی (ف.م جوانشیر)، نووسەری بڵاوکراوەی "مردم"، ساڵی ١٣٦٢ گوللەباران کرا.

٦ ـ ڕەحمان هاتفی سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کیهان" پێش شۆڕش و دوای شۆڕش و بڵاوکەرەوە (ناشر)ی بڵاوکراوەی "نوید" ، گوللەباران کرا.

٧ ـ سەعید سوڵتانپوور، شاعیرو ڕۆژنامەنووس. ناوبراویان لە شەوی زەماوەنددا دەستگیرو گوللەباران کرد. (ڕەشەمەی ١٣٥٩)

٨ ـ دوکتور سەیحون فەرازدی سەرنووسەری "ژۆرناڵ" لە تاران و بەرپرسی هەواڵدەریی فەرانسە لە ئێران ـ گوللەباران کرا.

٩ ـ کەریم دەشتیزادە، سەرنووسەری گۆڤاری "فیلم و سینما" ـ تیرباران


١٠ ـ ئیسماعیل ڕائین، کەوتە بەر هێرشی حیزبوڵڵاییەکان و دەمودەست کوژرا.

١١ ـ عەلی دەشتی، ڕۆژنامەنووس، لە تەمەنی ٨٠ ساڵییەوە لە زیندانی "ئێوین"دا کەوتە ژێر ئەشکەنجەو دوای بەربوون لە زیندان بەهۆی تێکشکانی ئێسکەکانی گیانی لەدەست دا.

١٢ ـ دوکتور موزەففەر بەقایی، بەرپرسی ڕۆژنامەی "شاهد"، لە زیندان دا بەهۆی ئەشکەنجەی زۆر گیانی لەدەست دا.

١٣ ـ تەقیی ڕووحانی سەرنووسەری بەشی هەواڵی ڕادیۆ، کەوتە بەر لێدان و سووکایەتیی حیزبوڵڵاییەکان، هەر لەوێ گیانی لێ ئەستێنرا.

لەم نێوەدا سەدان کەس لە ڕۆژنامەنووسان و خاوەن قەڵەمەکان پاش دەسپێکردنی قۆناغی



سەرکوت و تۆقاندن لە ساڵی ٥٩ بەم لایەوە پێ و شوێنیان هەڵگیراو لە ئێران ڕایان کرد.

**(وەرگیراو لە کتێبی "مطبوعات و حکومت اختناق"، لاپەڕی ١٩)**

### داخستنی ڕۆژنامەکان و هێرش بۆ سەر دەفتەرو نوێنەرایەتیەکانی ئەوان تا ساڵی ١٣٧٦

لە ساڵی ١٣٥٩دا بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکانی "بامداد" کە سەرنووسەرەکەی مەنسوور ڕەهبان بوو "انقلاب اسلامی"، قەدەغە کراون بەرێوەبەران و کارگێڕەکانیان گیران، بە دەستپێکردنی شەڕی وێرانکەری ئێران و عێراق، چاپەمەنییەکان بوونە تریبوونی دەسەڵاتدارانی شەڕخواز بۆ بەکوشتدانی لاوەکانی ئێران و شوێنەوارێك لە ڕۆژنامە حیزبی و غەیرە حیزبییە سەربەخۆیەکان نەمایەوە.

گۆڤارەکانی "آدینە"، "گردون" و "دنیای سخن" و گۆڤاری زانستیی "فاراد" پاش ئەوەی دەفتەرەکانیان کەوتنە بەر هێرشی چەقۆکێشە حیزبەڵڵاییەکان داخران و بەرپرس و کارگێڕەکانیان موحاکەمەو بە زیندان مەحکووم کران.

ڕۆژی سێ شەممە ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٧٦ دەفتەری گۆڤاری "زن رۆز" کەوتە بەرهێرشی تاقمە چەقۆکێشەکان و ئاگر درا. بیانووی ئەم هێرشە چاپکرانی وێنەیەك بوو لەسەر مودیلێکی لیباس کە شێوەی خومەینیی دەدا.

بێجگە لەوانە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی وەك "خراسان"، چاپی مەشهەد، "خبر شیراز"، "کادح" و "نسیم شمال" لە ڕەشتیش بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی درۆو سووکایەتی بە بایەخە پیرۆزەکان قەدەغە کران.

←

## دوژمنایەتی لەگەڵ چاپەمەنی لەساڵی ٧٦ بەم لایەوە

بەدوای شکانی سەرشۆڕانەی قۆڵی دەسەڵاتداری ڕێژیم لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە دووی جۆزەردانی ٧٦ بەم لایەوە هەلومەرجو بوارێکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەربەخۆو لایەنگری ریفۆرم پێك هات.

لەنێوان ساڵەکانی ٧٦ تا ٧٩دا سەرەڕای توندتر بوونی سەرکوتو توندوتیژی، زۆر ڕۆژنامەی تازە لەدایك بوون کە نەخشێکی بەرچاویان لە بەرەوپێش بردنی ڕەوتی ئازادیخوازیی کۆمەڵانی خەڵك دا هەبوو. قۆڵی دەسەڵاتداری ڕێژیم کە تێکۆشانی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری چاپەمەنییەکانی بەهۆکاری شکانی قورسی خۆی لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری، هەڵبژاردنی شووراکانو هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامییدا دەزانی، لە کۆتاییەکانی تەمەنی مەجلیسی پێنجەم دا بەپەسندکردنی ئیسلاحیەی یاسای چاپەمەنی، ڕێگای بۆ سەرکوتی یاسایی چاپەمەنییەکان خۆش کردو لە بانەمەڕی ٧٩ بەم لایەوە داخستنی بەکۆمەڵی ئەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانەی سەربەخۆ یان لایەنگری ریفۆرم بوونو گرتنی تێکۆشەرانی بواری ڕۆژنامەنووسیی بەشێوەیەکی کەم وێنە دەس پێکرد. لێرەدا ئاماژە بە ناوی ژمارەیەك لەو بڵاوکراوانە کە داخراونو بەرپرسانیان کە موحاکەمەو بەندکراون، دەکەین:

بە حوکمی دادگای گشتیی ئوستانی تاران ڕۆژی ٤ی بانەمەڕی ٧٩ ڕۆژنامەکانی:

١ ـ "گزارش"، بەرپرس محەممەد مێهدی خورەمی،

٢ ـ "بامداد نو"، بەرپرس ئەبولقاسم گوڵباف،

٣ ـ "آفتاب امروز"، بەرپرس فەرەیدون عەمووزادەی خەلیلی،

٤ ـ "پیام امروز" ، بەرپرس داود بەهرامیی سیاوەشانی،

٥ ـ "فتح"، بەرپرس یەدوڵڵا ئیسلامی،

٦ ـ "آریا"، بەرپرس محەممەد ڕەزا زوهدی، (بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە تا بانەمەڕی ٨٠ قەدەغە کرا. ئەوە لە حاڵێك دایە کە بەرپرسەکەی هەتا ئێستاش کارو تێکۆشانی چاپەمەنیی لێ قەدەغە کراوە)،




٧ ـ "عصر آزادگان" ، بەرپرس غەفوور گرشاسبی، سەرنووسەر "ماشاالله شمس الواعظین"،

٨ ـ "آزاد" بەرپرس یەزدانپەنا خودایی،

٩ ـ "هم میهن" بەرپرس غولاموحوسێن کەرباسچی.

هەروەها حەوتوونامەکانی "پیام هاجر" بە بەرپرسایەتیی ئەعزەم تاڵەقانی، "آبان" بە بەرپرسایەتیی محەممەد حەسەن عەلیپوور و "ارزش" کە بەرپرسایەتییەکەی بە عەلی تەتەری بوو، داخران.


چوار ڕۆژ دواتر واتە ٨ی جۆزەردان ڕۆژنامەکانی:

١ ـ "اخبار اقتصاد"، بەرپرس عیسا سەحەرخیز،

٢ ـ "مشارکت"، بەرپرس موحەممەد ڕەزا خاتەمی،

٣ ـ "صبح امروز"، بەرپرس سەعید حەججاریان،

٤ ـ ڕۆژنامەی "آوا"، بەرپرس موستەفا ئیزەدیو هەروەها مانگنامەی "ایران فردا" بە بەرپرسایەتیی عێزەتوڵڵا سەحابیو



سەرنووسەریی ڕەزا عەلیجانی کە زمانحاڵی "نهضت آزادی" بوو، داخران. ئەو بڵاوکراوانە هەروەك پێشوو بە بڵاوکردنەوەی درۆ، بێحورمەتیبە بایەخە پیرۆزەکانی ڕێژیمو . . . تۆمەتبار کرابوون.

لە چوار ساڵ لەوە پێشەوە تا ئێستا، بەگشتی زۆربەی نیزیك بەتەواوی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی سەربەخۆو لایەنگری ریفۆرم کە زیاتر لە ٥٠ بڵاوکراوەن، داخراونو بەرپرسانیان ئێستا لە زینداننو لە ژێر ئەشکەنجەدان. کەسانێکی وەك عیزەتوڵڵا سەحابی، عەلیی ئەفشاری، عەبدوڵڵا نووری، عیمادەدین باقی، "ماشاالله شمس الواعظین"، ئەکبەر گەنجی، مەحەممەد ڕەزا زوهدی، مەسعود بێهنوود، لەتیف سەفەری، ڕەزا عەلیجانیو دەیان کەسی دیکەی بنەماڵەی چاپەمەنی لەوانەن کە کەوتوونەتە بەر رقو غەزەبی بەرێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە.

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامی بۆتە گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانو خاوەن قەڵەمە ئەرك وەخۆ گرەکان. لەم ساڵانەدا ئەم ڕێژیمە بەدەیان جار لەلایەن ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ، بەهۆی ئەو فشارانەی خراوەتە سەر خاوەن قەڵەمەکانو جیابیران، مەحکووم کراوە. بەرێکەوت نیە خامەنەیی ڕێبەری ڕێژیم ئەم ساڵ لە ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنیدا لەلایەن ناوەندە نێونەتەوەییەکانی دیفاع لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسان وەك سەرسەختترین دوژمنی چاپەمەنی بە جیهانیان ناسێندرا.

# خزمەتی ئەنجومەنە ئەدەبی‌یەكانی كوردستانی ئێران بە فەرهەنگی گەلەكەیان

درێژەی لاپەڕی ١

لە هەلومەرجێكی ئاوادا كە شارو گوندی وڵاتەكەمان درابوونە بەر ئاورو ئاسن‌و وەڵامی هەر چەشنە داخوازی‌یەك بە زمانی چەك دەدرایەوە، زۆر لە رۆشنبیران‌و نیشتمانپەروەرانی كوردیش یا ئاوارەو دەربەدەر بوون یا تووشی گیران، زیندان، ئەشكەنجەو ئیعدام بوون‌و دەست بە سەر زۆر كتێبی دەستنووس‌و دیوانی شاعیرانی كورددا گیرا.

ئەو رووناكبیرو خوێندەوارو رۆشنبیرانەش كە لە وڵات دا مابوونەوە، دەستیان لە چالاكی‌یە فەرهەنگی‌یەكانی خۆیان هەڵ نەگرت‌و بە دوور لە چاوی بەكرێگیراوانی رێژیم، درێژەیان بە خزمەتی زمان‌و ئەدەبی كوردی دا. ئەوان بە چەكی قەڵەم‌و وشە بە گژ رێژیم دا چوونەوەو بە نووسینی شێعرو چیرۆك‌و پەخشان، لاوانیان بۆ بەشداری لە خەبات بۆ دابینكردنی مافە رەواكانی گەلەكەیان هان دەدا.

لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی كۆماری ئیسلامی‌دا بوو كە تێكۆشانی رۆشنبیران‌و ئۆگرانی زمان‌و ئەدەبی كوردی پەرەی گرت. لەو دەیەیەدا بوو كە پێویستیی پێكهێنانی ئەنجومەنە ئەدەبی‌یەكان‌و پاشان دەركردنی چاپەمەنی بە كوردی راشكاوانەتر لە پێشوو هاتە گۆڕێ. دیارە پێشتریش دوو گۆڤاری سروەو ئاوێنە لەلایەن دام‌و دەزگاكانی رێژیمەوە بڵاو دەبوونەوە، بەڵام دەرچوونی دوو گۆڤار لە زۆر بارەوە نەیدەتوانی وەڵامدەر بێ.

لە ساڵی ٦٨ی هەتاوی بەم لایەوە لەسایەی هەوڵ‌و تێكۆشانی شایانی ئافەرینی خەمخۆرانی فەرهەنگی كوردی، ئەنجومەنەكان كەوتنە سەر پێ‌و تێكۆشان‌و جموجۆڵیان دەست پێكرد.

ئەنجومەنەكان هەر زوو توانییان سەرنجی بەشێكی زۆر لە خەڵك بەتایبەت كچان‌و كوڕان راكێشن‌و لە بوارە جیاجیاكانی ئەدەب‌و هونەردا رێنوێنی‌یان بكەن. سەرەتا رێژیم نیازی وابوو كە نەهێڵێ ئەنجومەنەكان پەرە بستێنن‌و دەیەویست لەو چوارچێوە بەرتەسكەدا كە خۆی دیاری كردبوو، بیان هێڵێتەوە. بەڵام نەیتوانی پێش بەبەشدرایی چالاكانەی ئۆگرانی ئەدەبیات‌و هونەر لەوان دا بگرێ.

ئەندامەتیی ژمارەیەكی زۆر لە لاوان لەو ئەنجومەنانەدا، دەرەتانێكی باشی بۆ بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنەكان پێك هێناو تا رادەیەكی باش رێگای بۆ هێنانەدیی بەشێك لە گەڵاڵەی بەرنامەكانی ئەوان خۆش كرد. دیارە ئەو بڕە پارەیەی كە رێكخراوی راگەیاندنی ئیسلامی (سازمان تبلیغات اسلامی) بۆ كاروباری فەرهەنگیی تەرخان كردبوو، ئەوەندە كەم بوو كە هیچی پێ نەدەكرا. لە راستی‌دا مەبەستی رێژیمیش هەر ئەوە بوو كە دەرەتانی هیچ چەشنە چالاكییەكی كاریگەریان نەبێ. بەڵام بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنەكان بەو حەقی ئەندامەتی‌یەی كە لە ئەندامانی ئەنجومەن وەردەگیراو بە یارمەتی‌یە ماددی‌یەكانی دڵسۆزانی فەرهەنگ‌و ئەدەبی كوردی زۆر هەنگاوی باش‌و گرنگیان هەڵ هێنایەوە كە وەك خاڵی پڕ لە شانازی لە مێژووی ئەو ئەنجومەنانەدا تۆمار دەكرێن.

## هێندێك لە كارو هەنگاوەكانی ئەنجومەنە ئەدەبی‌یەكان:

ئەنجومەنە ئەدەبی‌و هونەری‌یەكان چەند هەنگاوی باشیان لە بوارە جیاجیاكان دا هەڵ گرتن كە بە كورتی بریتین لە: پێكهێنانی چەندین كۆنگرە، كۆڕ، كۆڕیادو سمینار بۆ شاعیرانی كۆن‌و هاوچەرخی كورد، دەركردنی گۆڤار، كۆكردنەوەی دیوانی شاعیرانی كلاسیك، كۆكردنەوەی فولكلۆری ناوچەكانی كوردستان، وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبیاتی بیانی بۆ سەر زمانی كوردی، ناساندنی وێژەی كوردی بە گەلانی دیكە لەرێگای وەرگێڕانی كەلتووری كوردی بۆسەر زمانانی دی، دانانی كلاس بۆ فێربوونی زمانی كوردی، كردنەوەی چەند لقی هونەری بۆ هۆگرانی سینەماو شانۆ، پەیكەرتاشی ، موسیقی، خۆشنووسی، وێنەگەری، نیگاركێشان‌و هەروەها پێكهێنانی تیپی هەڵپەڕكێی كوردی. شایانی باسە كە لاوانی كورد بەرادەیەك تینووی كاری ئەدەبی‌و هونەری بوون كە لە ماوەیەكی كەم دا توانییان لە هەركام لەو بوارانەدا نەك هەر پێشكەوتنی بەرچاو وەدەست بێنن، بەڵكوو لە هێندێك فیستیڤاڵی نێوخۆو دەرەوەی كوردستانیش دا بەچاكی بدرەوشێنەوەو خەڵات بكرێن. بۆ وێنە لەبواری نیگاركێشی‌و نواندنی هونەرە میللی‌یەكان دا لە چەند فیستیڤاڵی نێوخۆیی‌و خاریجی خەڵاتیان وەرگرت.

بە بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی كۆمەڵانی خەڵك، لاوازبوونی بیروبۆچوونی كۆنەپەرستانە بەنیسبەت ژنان‌و كرانەوەی دەرگای كۆمەڵ بە روویان دا، ژنان لە زۆر بواردا تواناو لێوەشاوەیی خۆیان نیشان دا.

یەكێك لەو گۆڕەپانانەی كە ژنانی كورد لەماوەی دە ساڵی رابردوودا بەشێوەیەكی بەرین روویان تێكردوە، گۆڕەپانی فەرهەنگی‌یە. چالاكیی ئەوان لەم بوارەدا بە بێ كێشەو ئاستەنگ نەبووە. لەلایەكەوە هێشتا كۆمەڵەكەمان لە كوت‌و پاوان‌و دابونەریتی كۆنەپەرستانە بەتەواوی رزگاری نەبووەو لەلایەكی دیكەشەوە كاربەدەستانی رێژیمی كۆنەپەرستی كۆماری ئیسلامی بەبیانووی پاراستنی رێوشوێنە ئیسلامی‌یەكان لەبەردەم بەشداریی چالاكانەی ژنان لە بواری فەرهەنگی‌دا كۆسپیان دەنایەوە. بەڵام ژنان نەك هەر تەسلیمی ویستی كۆنەپەرستان نەبوون، بەڵكوو بەباشی درەوشانەوە ژمارەیەك هونەرمەندی بەتوانایان لێ هەڵكەوت. ئەمەش سەرەتای ئاڵوگۆڕێكی بەرچاوە لە نێو كۆمەڵگای كوردستان داو هەروەها مزگێنیدەری دوارۆژێكی گەشە بۆ كۆمەڵی كوردەواری، چونكە ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئەدەبیی گەلەكەمان دا بخشێنین ـ ئەگەر چەند نموونەیەكی لێ دەركەین ـ جێگای پەنجەی ژنان لە تێكۆشانی فەرهەنگی‌دا یەكجار كەمڕەنگە. دیارە ئەمەش هۆكاری جۆراوجۆری هەبووە كە لەم باسەدا جێگەیان نابێتەوە.

بێگومان رەوتی پەرەسەندنی كۆمەڵ‌و وریابوونەوەی ژنان تا رادەیەكی زۆر رێگای بۆ بەشداریی ئەوان لە هەموو بوارەكان دا خۆش كردوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناكرێ نەخشی هونەرمەندان‌و رووناكبیرانی كورد لە تەخت كردنی كۆسپ‌و تەگەرەكانی سەر رێی ژنان‌و خێراتركردنی ئەو رەوتەو هاندانی ئەوان بۆ تێكۆشان لە مەیدانی هونەرو ئەدەبیات دا بە كەم بگرین. لە راستی‌دا دەبێ بڵێین درەوشانەوەی ژنان لەم بوارەدا تا رادەیەكی بەرچاو ئاكامی هەوڵ‌و تێكۆشانی ئەنجومەنەكان بووەو بەیەكێك لە خاڵە هەرە گەش‌و پرشنگدارەكانی مێژووی چالاكیی ئەوان دادەنرێ. ئێستا لەسایەی وشیاریی خەڵكەوە، بزاڤی فەرهەنگی تا رادەیەكی باش پەرەی گرتووەو تامەزرۆیی لاوان بۆ فێربوونی زمانی كوردی رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێ‌و بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە ناونووسین‌و بەشداریی بەرفراوانی لاوان لەو كلاسانەدایە كە لە هێندێك لە شارەكانی كوردستان دا بەشێوەی نیوە ئاشكرا بۆ ئەم مەبەستە كراونەتەوە.

لایەنێكی دیكەی خەباتی كەلتووریی ئەنجومەنەكان، دەركردنی گۆڤارو حەوتوونامەو هەروەها كۆكردنەوەی فولكلۆرو دیوانی شاعیرانی كۆنی كوردو بڵاوكردنەوەی بەرهەمی تازەی شێعرو چیرۆك‌و رۆمانە. بە سەرنجدان بە ماوەی كەمی كارو چالاكیی ئەنجومەنەكان‌و تازەكاربوونی ئەوان لە بواری كاری رۆژنامەنووسی‌و فەرهەنگی‌دا، دەبێ بڵێین پێشكەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە.

ئێمە وێڕای پیرۆزبایی لە هەموو نووسەران‌و رووناكبیرانی كوردستان بەبۆنەی یادی ١٠٣ ساڵەی رۆژنامەنووسیی كوردی، سەركەوتن‌و سەربەرزی‌یان لە ئەركی پیرۆزیان دا بۆ بەئاوات دەخوازین‌و هیواداریین بەسەر هەموو ئەو كەندو كۆسپانەدا كە لە سەر رێیانە، سەركەون‌و كاروانی رۆشنبیریی كوردی بەرەو لوتكەی سەركەوتن بەرن. ☯

# به مەبەستی ناسینی زیاتری گۆڤاری "تیشك"

دریژەی دوا لاپەڕە

**☯ هۆکارەکان‌و پێویستیی چاپ‌و بلاوکردنەوەی گۆڤاری "تیشك" کامانەن‌و ئایا پێتان وانیە کە بە درەنگەوە ئەم هەنگاوەتان نابێ؟**

❁ لە پێش دا دەبێ بڵێم گەلێك سپاس بۆ ئەوەی کە ئەو دەرفەتەتان بۆ رەخساندووین تا لە رێگای رۆژنامەی "کوردستان"ەوە، خوێنەرانی بەرێز پتر لەگەڵ "تیشك" و لایەنەکانی پێوەندیدار بە چونیەتیی کاری ئەم گۆڤارە ئاشنا بن، بە تایبەت کە دەس وێرا گەیشتن بە "کوردستان" وەکو "تیشك" بە زەحمەت نیە، هەر بۆیەش ئەو هەوڵەتان بۆ ناساندنی پتری ئەم گۆڤارە بە خوێنەران زۆر بەجێیە. بیری دەرکردنی گۆڤارێکی لە چەشنی "تیشك" کە وتاری سیاسی‌و بابەتی تەحقیقی لە بوارەکانی مێژوویی، جوغرافیایی، فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی لە خۆ بگرێ، زۆر پێشتر لە کاتی بلاو بوونەوەی یەکەم ژمارەی "تیشك" بە زەین گەیشتبوو. چون حیزبێکی سیاسیی موعتەبەرو خاوەن هەڵوێست هەم بە مەبەستی بردنە سەری پلەی زانیاریی ئەندامان‌و لایەنگرانی خۆی‌و هەم بە مەبەستی تیشك خستنە سەر رووداوو دیاردە سیاسی‌یە گرینگەکانی نێوخۆی وڵات‌و ناوچەو جیهان بە نیازی دروست بوونی هوشیاریی گشتی لە ئاست ئەو رووداوانەو هەروەها بۆ راڤە کردنی بابەتە سیاسی‌یەکانی رۆژو دەربرینی روانگەی خۆی لەو پێوەندی‌یەدا پێویستی بە بلاوکراوەیەکی ئەوتۆ هەیە. هۆکارەکان‌و پێویستیی دەرچوونی "تیشك" لەمانەرا سەرچاوەی گرتوە. بەڵام هەلومەرجی خەباتی نهێنیی شاخ کە دەبێتە هۆی دەس وێرانەگەیشتن بە کتێبی پێویست و سەرچاوەی زانیاری وەك یەکێك لە شەرتە سەرەکی‌یەکانی دەرکردنی بلاوکراوەیەکی ئەوتۆو کەندو کۆسپی جۆراوجۆری سەررێگای چاپ‌و بلاو کردنەوە، ئەوە دەرفەتەی بۆ حیزب نەدەرەخساند. بە دوای ئالوگۆرەکانی سیاسیی کوردستانی عێراق دا، بە خۆشی‌یەوە ئیمکانی چاپ‌و بلاو کردنەوەو دەسترەسی بە کتێب‌و سەرچاوەی زانیاریی پێویست پێك هات، ئەوجار دەرفەتی لەبار بۆ ئێمەش بۆ ئەوەی بلاوکراوەیەکی لەو چەشنە دەربکەین، رەخسا.

**☯ گۆڤاری "تیشك" تا چەند توانیوەتی بۆ ئەو ئامانجانەی کە ئاماژەت پێ کردوون هەنگاوبنێ؟**

❁ : "تیشك" کەم‌و زۆر لەو چەند ژمارەیەدا (٧ ژمارە) هەولی داوە تیشك بخاتە سەر ئەو دیاردەو مەسەلانەی کە پێوەندی‌یان بە ژیان‌و خەباتی گەلی کوردەوە هەیەو هەروەها ئاوری وەسەر روداوە نێوخۆیی، ناوچەیی‌و جیهانی‌یەکان لە دەیەی رابردوودا داوەتەوە، ئەو دەیەی کە تێیدا ئالوگورە سیاسی‌یەکان زۆر بە خێرایی دەچوونە پێش. مەسەلەکانی وەك: کۆتایی هاتن بە شەڕی سارد، رووخانی سوسیالیزمی مەوجوود، پێکهاتن و پەرە گرتنی نەخشی یەکیەتیی ئورووپا، رەوتی ئاشتیی رۆژهەڵاتی نێوەراست، گەشە کردن‌و پەرە ئەستاندنی هەستی میللی‌و ناسیونالیستی لەنێو گەلانی ژێر دەست دا کە لە زۆر شوێن بوو بە هۆی گۆرانی نەخشەی جوغرافیای سیاسیی جیهان، گەرم بوونی باس‌و موناقشە لە سەر مەسەلەی میللی‌و مافی دیاریکردنی چارەنووس‌و سەرئەنجام ئەو هەلومەرجە نوێ‌یەی کە لە جۆزەردانی ٧٦ بەم لاوە لە فەزای سیاسیی ئێران دا بەهۆی پەرە ئەستاندنی جوولانەوەی ئازادیخوازانەی خەڵك بە گشتی، پێك هات. ئەگەر چاوێك بە ژمارەکانی "تیشك" دا بخشێنین دەردەکەوێ کە ئەم دیاردەو مەسەلانە لە بەشێك لە وتارەکانی ئەم گۆڤارەدا بە مەبەستی خستنە بەر باس‌و هەڵسەنگاندن‌و روانگەی "تیشك" لە بەرامبەریان دا، رەنگیان داوەتەوە. کە بۆ وێنە دەتوانم ئاماژە بەو وتارانە بکەم: "چەپ‌و هەڵویستی ئێمە" (بە دوای رووخانی سوسیالیزمی مەجوودا)، "هاتنە بازاری یۆرۆuro"، "رەوتی رووداوەکانی فەلەستین"، "شەڕی بالکان‌و مافی گەلان"، "فیدرالی‌و کونفیدرالی"، "فرە گەلی لە ئێران دا"، "نەتەوەو نەتەوایەتی"، "پێوەندیی دێموکراسی‌و مافی نەتەوایەتی"، "پارلمانتاریزم، لە ئێران"، "مێژووی جوولانەوەی دانیشجوویی"، "دیاردەی شووراکان"و . . . ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە "تیشك" بۆ بەشێکی ئەو ئامانجانە کە مەبەستی بوون، هەنگاوی هاوێشتوە.

**☯ چوون بوو ناوی "تیشك" لە سەر ئەم گۆڤارە دانراوو خوێنەرانی کێن‌و لە کوێ بلاو دەبێتەوە؟**

❁ لە پێوەندی لەگەڵ ناوی ئەم گۆڤارەدا دەبێ بڵێم کاتی خۆی چەند ناوێك پێشنیار کرابوون کە سەرئەنجام لە سەر " تیشك" ساخ بووینەوە و بیروکەی ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ جەرەیانی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکرات کە پاشان بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٧ ـ ٤٦ی کوردستانی ئێرانی بەرێوە برد. کۆمیتەی ئینقلابی پێش دەسپێکردنی ئەو بزووتنەوەیە جموجۆڵێکی فیکری و تشکیلاتیی رێك‌و پێکی دەست پێ کرد بوو. ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بۆ ئەوەی بیرو باوەڕی خۆیان بلاو بکەنەوە نامێلکەیەکیشیان بە ناوی "تیشك" دەرکرد کە لەبەر نەبوونی دەزگای چاپ، تەنیا چەند نوسخەیەکیان بە کاربۆن لێ تایپ دەکردو گۆیا تەنیا ژمارەیەکیان بۆ دەرکرا. رووناکبیری شۆرشگێر سمایل شەریفزادە کە دەوری سەرەکیی لەو بلاوکراوەیەدا دەبینی لە باری سیاسی‌یەوە لە نێو جوولانەوەی خوێندکاریی ئەو کاتی ئێران دا ـ کە لە ژێر کاریگەریی چەپی رادیکال دا بوو ـ پەروەردە ببوو، هەر بۆیەش "تیشك" ئەو کات وەك بلاو کراوەیەکی سیاسی‌و پێشکەوتوو کە بۆ ئامانجی بەرز هەولی دەدا، پێناسە دەکرا.

بەڵام لە بابەت ئەوەی کە خوێنەرانی "تیشك" کێن، دەبێ بڵێم بە پێچەوانەی هێندێك بلاوکراوەی سیاسی ـ تیئوریك، وەك "دنیا"ی حیزبی تودە، "بە سوی سوسیالیسم"ی حیزبی کۆمونیست، "راه کارگر تئوریك" کە بلاوکراوەیەکن لە خزمەت ئیدئۆلۆژی‌یەکی واحیدو ئامانجەکانی ئەو رێکخراوانە بەتەنیاو هەر بۆیەش خوێنەرانیان هەر ئەندامان‌و لایەنگرانی خۆیان بوون، "مخاطب"ی "تیشك" چین‌و توێژێکی تایبەتی نین. دیارە بە پێی نێوەرۆکەکەی "تیشك" هەر دەبێ بۆ رووناکبیران‌و خوێندەواران سەرنج راکێش تر بێ، بەڵام هەر کەس خوێندەواری‌یەکی نێونجی هەبێ دەتوانێ بەشی خۆی لە "تیشك" هەڵێنجێ‌و لێی سوودمەند بێ. "تیشك" بەو هۆیەوە کە بلاوکراوەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، لە کوردستانی ئێران گیرو گرفتی جیددی لە سەر رێگای بلاو بوونەوەی هەیە. بەڵام بەو حالەش لە رێگای ئەندامان‌و دۆستان‌و دڵسوزانی لەخۆبوردووی "تکثیر"و بلاو دەبێتەوە. "تیشك" لە هێندێك کتێب فرۆشیی چەند شارێکی کوردستانی عێراق دەس دەکەوێ‌و لە رێگای دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە ئورووپا دەگاتە دەستی ئۆگرانی لە هەندەران.

**☯ لە داهاتوودا چ بەرنامەیەکتان بۆ گۆڤاری "تیشك" هەیە؟**

❁ بە بێ موبالەغە دەتوانین بڵێین کە "تیشك" لەو چەند ژمارەیەدا بە پێی ئەو راپرسی‌یانەی کراون‌و ئەو تەماسانەی کە لەو پێوەندی‌یەدا لەگەڵ ئێمە گیراون، توانیویەتی سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی راکێشێ‌و جێگای خۆی لە ناویان دا بکاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبووە کە "تیشك" وەك یەکەم ئەزموونی ئێمە لەم بارەیەوە بێ کەم‌و کووری بووە. هەر بۆیەش قەرارە بۆ رێك‌و پێك‌و پڕ نێوەرۆك کردنی لە داهاتوودا چەند هەنگاوێك بهاوێژین. "تیشك" کە پێشتر لە فۆرم‌وقەوارەی کتێبی‌دا دەردەچوو، دەگوردرێ‌و لە قەوارەی گەورەتردا چاپ دەکرێت. بە تەماین بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ "تیشك" لە چەند شارێکی کوردستانی عێراق ئادرێسی دیاریکراومان هەبێ، دەیخەینە سەر ئینتێرنێت تا لەو رێگایەشەوە خوێنەرانی لە دەرەوەی وڵات بە سانایی پێوەندیی پێوە بگرن. هەمووی ئەو هەولانە بۆ ئەوەیە کە "تیشك" بتوانێ لەپانتایی‌یەکی گەورەتردا کاردانەوەی هەبێ‌و پێوەندی‌یەکی بەرفراوان لەگەڵ چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگاکەمان دا بەرپا بکا. بە بێ گۆمان ئەمە لەسەر دەولەمەندتر بوونی "تیشك" و یارمەتیدان بە رێبازو ئامانجی، شوێنەواری موسبەتی دەبێ، کە دیارە خۆ ماندوو کردنی پتری ئێمەو رەخنەو پێشنیاری بەجێی دۆستان‌و خوێنەران‌و هاوکاریی نووسەران‌و لێکولەرەوانی کورد بە ناردنی بەرهەمەکانیان لەو نێوەدا جێگای خۆی هەیەو ئەویش بەبۆنەی خۆی شوێنی کاریگەر لە سەر داهاتووی "تیشك" دادەنێ.

☯☯☯

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## نۆرویژ

### پێکهاتنی سمینارێك لەسەر مەسەلەی ژنان

رۆژی شەممە، ۲۰۰۱/۵/۱۵ یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە نۆرویژ، سمینارێکی بۆ هاوڕێ مریەمی عەلی پوور پێك هێنا.

لە سەرەتادا خاتوو پەریخان، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە نۆرویژ، کورتەباسێکی لەسەر یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات لە نۆرویژو بەرنامەو چالاکییەکانی ئەو رێکخراوەیە پێشکەش کرد.

ئینجا هاوڕێ مریەم، بەگشتی باسێکی سەبارەت بە وەزعی ژنانو گیروگرفتەکانیان لە ئاستی دنیادا هێنایە گۆڕێ.

لە درێژەی باسەکەیدا هاوڕێ مریەم چووە سەر مێژووی گەشەکردنی سیستمی سیاسیی نۆرویژو سیاسەتی عەمەلیی حیزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە سەبارەت بە ژنانو مافەرەواکانیان.

ئەم باسەی خوشکە مریەم، باسێکی پڕنێوەڕۆك‌و بەکەڵك بوو کە لەلایەن بەشدارانی سمینارەکەوە پێشوازییەکی زۆری لێ کرا.

لە کۆتاییدا بەشدارانی سمینار، بە هێنایە گۆڕێ چەند پرسیارو تێبینی سەبارەت بە باسەکەی خوشکە مریەم سمینارەکەیان دەوڵەمەندتر کرد. هەروەها هەر لە پەراوێزی باسەکەی هاوڕێ مریەم دا، یەکێك لە بەشدارانی سمینارەکە کورتەباسێکی سەبارەت بەو بێ‌عەدالەتییانە هێنایە گۆڕێ کە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی بە ژنانی رەوا دەبینێ. بەتایبەتی لە بوارەکانی تەڵاق، شوو کردن، میرات، شاهیدی دانو هتد. . .

دەبی بگوترێ کە مریەم عەلی پوور، پلەی ماجیستێری لە موهەندیسیی رێگاوبانو نەخشەکێشان دا هەیە. لەسەر لیستی حیزبی سوسیالیستی چەپ (SV)، ئەندامی بەرێوەبەریی کۆمۆنی "Giovik" یەکێك لە کۆمۆنە بەناوبانگەکانی ئوستانی ئوپلاندە. هەروەها خوشکە مریەم لە بزووتنەوەی سێنفیی ژنان دا هەڵسوورو چالاکە.

ئەم سمینارە کە سەعاتی ۱۱ی پێش نیوەڕۆ دەستی پێ‌کرد، تا سەعاتی چواری سەر لە ئێوارە درێژەی کێشا.

***

### کۆڕێك لەبارەی گۆڕانی ئاوو هەوا و شوێنەواری لەسەر کشتوکاڵ

بە گویرەی هەواڵێك کە کۆمیتەی حیزبی نۆرویژ بۆی ناردووین ماوەیەك لەمەوپێش کۆمەڵەی کولتووری کوردەکانی ئوسلۆ دەورو بەرکۆڕێکی بۆ کاك جەعفەری حامیدی پسپۆڕی کشتوکاڵ لە سالۆنی یەکێك لە کتێبخانەکانی شاری ئوسلۆ پێك هێنا. کاك جەعفەر لەو کۆڕەدا بە درێژیو بە شێوەیەکی زانستی باسی گۆڕانی ئاوو هەوای تۆپی زەوی‌و شوێنەواری ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە سەر مرۆڤو ژینگە کرد، کە باسێکی بە کەڵك بوو بۆ بەشدارانی کۆڕەکەو لەگەڵ پێشوازی ئەوان بەرەوروو بوو.

هیواداریـن کۆمەڵەی کولتووری ئەو جۆرە چالاکییانەی خۆی پەرە بداو لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێ.

### بەشداریی کومیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە رێورەسمی ای مانگی مای دا

### ئوسلۆ

پێش نیوەڕۆی سێ‌شەممە، یەکی مانگی مای، بە بۆنەی رۆژی هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی کرێکاران، میتینگێکی گەورەی جەماوەری بە بەشداریی چەندین هەزار کەس لە خەڵکی ئوسلۆو دەوروبەر، نوێنەرانی حیزبو رێکخراوە سیاسی، کرێکاری، فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتییەکانی نۆرویژو ژمارەیەك لە رێکخراوە خارجییەکان، لە مەیدانی‌کرێکار مەیدانی LO "ی، شاری ئوسلۆ بەرێوە چوو.

لە سەرەتای میتینگەکەدا چەند کەس کە پێشتر لە لایەن کومیتەی بەرێوەبەریی رێورەسمەکەوە دیاری کرابوون قسەیان کرد. ئەوان لە قسەکانیان دا باروودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای نۆرویژیان هێنایە بەرباسو داخوازە بنەڕەتییەکانی کرێکارانو خەڵکی نۆرویژیان لە روانگەی جۆراوجۆرەوە خستنە بەرباس. شایانی باسە هەر لەو وتارانەدا باس لە کێشەو مەسەلە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی دنیاش کراو داوا کرا کە دەوڵەتی نۆرویژ لە ئاستی جیهانی دا چالاکانەتر بۆ دابین بوونی ئاشتی، دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ، عەدالەت، لە نێوبردنی هەژاریو گیروگرفتەکانی دنیای سەردەم تێ‌بکۆشێو لە داخوازییە رەواکانی گەلانی ژێرچەپۆکی دنیاو خەباتی ئەوان بۆ ئازادی پشتیوانی بکا.

پاشان بەشدارانی میتینگەکە لە مەیدانی "LO"وە بەرەو بەردەم پارلەمانی نۆرویژ دەستیان بە رێپێوان کردو شەقامەکانی ئەو مەسیرەیان بەدانی دروشمی جۆراوجۆر بڕیو گەڕانەوە شوێنی بەرێوەچوونی میتینگەکە. شەقامەکانی ئەو مەسیرە لە خەڵك جمەیان دەهات.

لەو کۆبوونەوەیەدا، "کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێمۆکراسی لە ئێران"دا، کە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رێکخراوی کرێکارانی شۆرشگێری ئێران، یەکیەتیی فیدائیانی خەڵکی ئێران، پێك هاتوە چالاکانە بەشدار بوون.

ئەو کومیتەیە لە تراکتو بڵاوکراوەی هاوبەش دا،داخوازییەکانی کرێکارانی ئێرانی هێنا بوونە گۆڕ. ئەو تراکتو نووسراوانە بە زمانەکانی نورویژی، کوردی، فارسی، بەسەر بەشداران دا بڵاو کرانەوە.

پێویستە بگوترێ کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێیانی حیزبیو نوێنەرانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو میتینگەدا بەشدار بوون.

### ئوستانی روگەلاند

لەسەر داوای "ئاربایدپارتی" (حیزبی کار)، حیزبی دەسەڵاتداری نۆرویژ، لە کۆمونی کارموی لە ئوستانی روگەلاند کۆمەڵەی دێمۆکراسیی کوردیو یەکیەتییەکانی ژنانو لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی روگەلاند بەشدارییان لە مەراسەمو رێپێوانی یەکی مانگی مای، رۆژی کرێکارانی جیهان دا کرد.

کچانو کورانی دێمۆکرات بە لیباسی جوانی کوردییەوە لەو رێورەسمەدا بەشدار بوون. کچانو کورانی لاوی دێمۆکرات بە بەشداریی چالاکانەو بە هەڵپەرکێی جوانی کوردی مەراسمەکەیان رازاندەوەو لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵك بەرەوروو بوون. بەڕێز "تروند گیسکە" (Trond Giske) وەزیری پەروەردەو فێرکردنی نۆرویژ کە بەشداری ئەو رێورەسمە بوو، وێڕای بەخێرهێنانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان رێزی زۆری لێ گرتو خوشحاڵیی خۆی لە بەشداریی کوردەکانی ئەو ناوچەیە لەو رێورەسمەدا دەربڕی.

### فەرانسە ـ پاریس

لە سەر داوای "کومیتەی ئێرانیی بەرێوەبردنی رێورەسمی یەکی مانگی مای" ژمارەیەك لە رێکخراوەکانو هەروەها هاونیشتمانانی ئێرانیی دانیشتووی پاریس، پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ‌شەممە لە مەیدانی "جمهووری"ی پاریس کۆبوونەوەو لە رێپێوانێك دا کە لە لایەن چەند سەندیکای کرێکاریی فەرانسە پێك هاتبوو، بەشدار بوون. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێرانو رێکخراوی کرێکارانی شۆرشگێری ئێران لەو رێکخراوانە بوون کە لەو رێپێوانەدا بەشدار بوون. کۆمەڵێك پلاکارتو دروشم کە پێشتر لەلایەن کومیتەی ناوبراوەوە ئامادە کرابوون، لە دەست بەشداران دا دەبینران. هێندێك لەو دروشمانە بریتی بوون لە: "ئێمە بۆ ئێرانێکی ئازاد، لائیكو دێمۆکرات خەبات دەکەین"، "سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران". هەروەها کۆمەڵێك دروشم بە لایەنگری لە هاوپێوەندیی کرێکاران،و بە پشتیوانی لە مافەکانی کرێکارانو گەلانی بن دەستو ئازادیی زیندانییە سیاسییەکانو بە مەبەستی مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی لە لایەن بەشدارانەوە دووپات دەکرانەوە.

رێپێوانەکە سەعات ۳و نیوی دوانیوەڕۆ لە مەیدانی "جمهووری"یەوە دەستی پێ‌کردو، سەعات ۶ونیو لە مەیدانی "میللەت" کۆتایی پێ‌هات. ←

راگەیاندراوی چوار ڕێکخراوی پێکهێنەری کومیتەی یەکیەتیی کردەوەی پایەداری سیاسی کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران ئامادە کرابوو، بەسەر بەشدارانی ڕێپێوانەکە دا بلاوکرایەوە.

## سوئید



سوئێد ـ یوتێبۆری

کومیتەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی ستۆکهۆلم، یوتیبۆری، ئورێبرۆ، وێستروس، لینشۆپینگ، فالون، لاکسۆ، یەڤلێ، بۆرووس، لولیو، کارلستاد، سالا، مالمۆ، هێلسینگ بۆری‌و نینسهامن ڕێزیان لە ڕۆژی یەکی مای، ڕۆژی کرێکارانی جیهان گرت. بەم بۆنەیەوە هاورێیانی حیزبی وێرای سوسیال دێمۆکراتەکان بەشدارییان لە ڕێپێوان‌و بەرنامە تایبەتی‌یەکانی ئەم ڕۆژەدا کرد. هاورێیانی حیزبی بە هەلگرتنی ئارمی حیزب‌و وێنەی شەهیدان‌و دانی دروشمی دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و بلاوکردنەوەی تراکت‌و دروشمی تایبەت لە ڕێپێوانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئەم ولاتەدا، بە پێشوازی ئەم یادەوە چوون.

پێویستە بگوترێ ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات ـ سوئێد لەو پێوەندی‌یەدا ڕۆلی بەرچاویان گێرا. هەر بۆ ئەم مەبەستە کومیتەکانی حیزب لە شارەکانی ئۆرێبرۆ‌و لاکسۆ بە هاوکاریی هاورێیانی شارەکانی کارلسکۆگا، هالسبیری‌و کومیتەیەکی هاوبەشیان پێک هێنابوو، تا بە شێوەیەکی یەکگرتوو ئەو ئاهەنگە بەرێوەبەرن. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە خاتوو Lnger Lundberg (لانگێر لوندبێرگ) نوێنەری پارلمان لە قسەکانی ئەم ڕۆژەی‌دا لە شاری ئورێبرۆ ئاماژەی بە مەسەلەی کورد‌و حیزبی دێمۆکرات کرد‌و وێرای وەبیرهێنانەوەی دۆستایەتی‌و پێوەندی لەگەل حیزبی دێمۆکرات، پشتیوانیی خۆی لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد‌و حیزبی دێمۆکرات دەربڕی.

هەروەها لەکاتی بەشداریی سەرۆک وەزیری سوئێد Goran Persoon (گۆران پێرسۆن) لە ڕێورەسمی ۱ی مای‌دا هاورێیانی حیزبی توانیان پۆستێرێك بریتی لە وێنەی ڕەشەکوژی‌و کوردکوژیی حکومەتەکانی شا‌و کۆماری ئیسلامی‌و وێنەی ڕێبەرانی شەهید پێشکەش بە ناوبراو بکەن. شیاوی باسە خاتوو Mona Sahlin (مۆنا سالین) وەزیری پەنابەران‌و کەسایەتیی سیاسی، لە وتارەکەی‌دا پشتیوانیی خۆی‌و حکومەتەکەی لە هەموو هێزە ئازادیخوازو دێمۆکراتەکان‌و گەلانی چەوساوەو ژێردەست دەربڕی.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا هاورێیانی کومیتەی لولیو وتووێژێکیان لەگەل ڕادیۆکانی N.S.Dو Norr boton لەبارەی ئەم ڕۆژەو بارودۆخی بێکاری‌و گیروگرفتی کرێکارانی کوردستان پێك هێنا.

بێجگە لەوانە هاورێیانی کومیتەکان لەم دەرفەتە بۆ دیدارو وتووێژ لەگەل کاربەدەستانی سوسیال دێمۆکرات کەلکیان وەرگرت‌و لەبارەی مەسەلەی کورد‌و پتەوترکردنی پێوەندی‌یەکانی نێوان دوو لایەن بیروڕایان گۆڕی‌یەوە.

### کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات‌و لاوانی سوسیال دێمۆکراتی سوئێد

ڕێکەوتی ۲۰۰۱/٤/۲۰ لە سەر دەعوەتی پێشتری یەکیەتیی لاوانی سوسیال دێمۆکرات‌و بە مەبەستی یەکتر ناسینی زیاترو ئالوگۆری بیروراکان‌و هتد، هەیئەتێکی بەرێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد، سەردانی بارەگای لاوانی سوسیال دێمۆکراتیان لە شاری ستۆکهۆلم کرد.

هەیئەتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات بریتی بوون لە هاورێیان کامران قازی، سۆزان فەتحی، ساکار کاکەمەمی‌و لوقمان نەستانی کە بە گەرمی لە لایەن دەستەی بەرێوەبەریی لاوانی سوسیال دێمۆکرات پێشوازی‌یان لی کرا. دانیشتنەکە نزیك بە دوو کاتژمێری خایاند. ئەو کۆبوونەوەیە لە فەزایەکی زۆر دۆستانەدا بەرێوەچوو. پلان‌و نەخشەی هاوکاری بۆ دوارۆژیش هاتەبەر باس‌و هەر دوولا لە سەر چەند خالێك ڕێك کەوتن کە بەشێکیان بریتی بوون لە:

۱ـ پێکهێنانی تیمێکی فووتبال بە هاوکاریی هەردووك ڕێکخراو پێکهاتوو لە لاوانی کورد‌و سوئێدی،

۲ـ بانگکرانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان بۆ کلاسە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌یەکانی لاوانی سوسیال دێمۆکرات،

۳ـ سەردانی مەدرەسەکانی سوئێدی‌و دانی زانیاری بە قوتابیەکان لە مەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە خاریجی‌یەکان بە تایبەت کوردەکان‌و گەلی کورد‌و شیکردنەوەی هۆیەکانی ئاوارە بوونی کوردەکان لە دەرەوەی ولات‌و هاوکاری کردنی زیاتری ئەوان لە لایەن سوسیال دێمۆکراتەکان بە مەبەستی نزیك بوونەوەی زیاتر لە کۆمەلگای سوئێد. شایانی باسە لاوانی سوسیال دێمۆکرات خۆشحالی‌و ڕەزامەندیی خۆیان بۆ هەموو چەشنە هاوکاری‌یەك دەربڕی. هەردووك لا هیوایان دەربڕی کە درێژە بەم چەشنە کۆبوونەوانە بدەن. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە تەنیا حەوتوویەك دوای ئەم کۆبوونەوەیە لاوانی دێمۆکرات بۆ دەیان کلاسی سیاسی‌و کۆمەلایەتیی لاوانی سوسیال دێمۆکرات دەعوەت کران.

## سویس

### ڕاپۆرتێك لە تێکۆشانی کومیتەی حیزب

کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سویس لە سەرەتای مانگی ئاپریلی ۲۰۰۱ تا ۲۰۰۱/۵/٦ ئەم چالاکیانەی ئەنجام داوە:

۱ـ کومیتەی حیزب لە ولاتی سویس‌و ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران (سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران ـ شاخەء سوئیس) لە ڕێکەوتی ۲۰۰۱/۵/٤ لە شاری بێرن پێکەوە کۆبوونەوەیەکیان پێك هێنا. ئەو خالانەی کە هەردوو لا باسیان لە سەر کردن بریتی بوون لە:

ـ پێکهێنانی سیمیناری جۆراوجۆر بە ناوی کۆمیتەی ناوبراوەوە لەسەر وەزعی ئێران و کوردستان بۆ ئەندامانی ڕێبەرایەتیی هەردوولا.

ـ هاوکاری دوولایەنە لەسەر هێندێك خالی هاوبەش لە نێوان حیزبی ئێمەو ڕێکخراوی ناوبراودا بە مەبەستی پتەو کردنی پێوەندییەکانی هەردوولا.

لە پێوەندی لەگەل پێکهێنانی لقی کومیتەی یەکیەتیی هاوکاریی بە کردەوە بۆ دێموکراسی لە ولاتی‌سویس دا، هەردوولا بریاریان دا کە لە ڕێکەوتی ۲۰۰۱/۵/٦ کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە پێك بێنن، کۆبوونەوەکە لە کاتی دیاریکراودا گیراو پاش نیزیك سەعات و نیوێك باس و گفتوگۆ سەرئەنجام لقی کۆمیتەی یەکیەتیی هاوکاریی بەکردەوە بۆ دێموکراسی لە سویس بە سەرکەوتنەوە پێك هات.

۲ـ لەسەر بانگهێشتنی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە، پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق و هەروەها پارتی یەکیەتیی کورد لە سووریە، کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ولاتی سویس لەگەل بەشێك لە ئەندامانی حیزبی، بەشداریی جێژنەکانی نەورۆزیان کرد کە لە ڕۆژەکانی ۲۱و ۲۲ی ئاپریلی ۲۰۰۱ لەشارەکانی لۆزان، زووریخ و ڤینتێرتۆر، بە بەشداریی هونەرمەندان شوان پەروەر، جوان حاجۆ و فاتێ پێك هاتبوو. شایانی باسە کە لە هەرسێ جێژن دا پەیامی نەورۆزیی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە.

۳ـ سەرلەبەیانیی ڕۆژی ۲۰۰۱/٤/۲۹ کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ولاتی سویس و نوێنەری پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لەسووریە کۆبوونەوەیەکیان، بە مەبەستی ئاشنایی زیاترو ئالوگۆڕی زانیاری لەسەر وەزعی کوردستانی ئێران و کوردستانی سووریە، پێك هێنا. لەکۆتاییدا هەر دوولا لەسەر چاوپێکەوتن و پێکهێنانی کۆبوونەوەی زیاتری لەو چەشنە لە داهاتوودا پێیان داگرت.

**درێژەی دوالاپەڕە**

## بەڕێوەچوونی پێشبڕکێ لەنێوان چەند تیمی فووتباڵ دا

لە درێژەی ئەو پێشبڕکێ وەرزشییانەدا کە هەموو ساڵێ بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە لەنێوان تیمەکانی ئۆرگان و بەشەکانی حیزب دا، بەڕێوە دەچن، لە نیوەی یەکەمی بانەمەڕی ئەم ساڵ دا، ریزە پێشبڕکێیەك لەنێوان پێنج تیمی فووتباڵ (تیمەکانی لاوان، پەزیرش، ناوەندەکان ١و٢و٣ی حیزب) پێك هات.

یەکەم یاری رۆژی ١٣٨٠/٢/٨ ئەنجام دراو لەسەر یەك لەو دەورەیەدا ٨ یاری بەڕێوە چوو. یارییەکان بە شێوەی گرووهی واتە لە دووگرووهی ٣ تیمیدا، بەڕێوە چوون. لەنێو ئەو پێنج تیمەدا تیمی لاوان لە قۆناغی یەکەمی یارییەکان دا وەلانراو چوارتیمەکەی دیکە بە شێوەی زەربدەر (X)ی پێکەوە یارییان کرد. دوو تیمی ناوەندی ١و ناوەندی ٣ چوونە فینالْ و، ناوەندی ٣ بە یەکەم و ناوەندی ١ بەدووهەم و پەزیرش بە سێهەم و ناوەندی ٢ بە چوارەم، دەرچوون.

رۆژی ١٣٨٠/٢/١٥ لە ڕێوڕەسمێك دا بە بەشداریی ئەندامانی رێبەرایەتیو بەرپرسانی حیزبیو سەدان بینەر، خەڵات پێشکێشی تیمەکانی یەکەم و دووهەم و چەند یاریزانێکی نموونە کرا.

## میزگردێك لەبارەی مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری



بە بەشداریی هاوڕێیان حەسەن حاتەمی، "آزاد هنر پژوه" و صلاح فاروقی (لە کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزب) و هاوڕێ مستەفا مەعروفی بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوانیوەڕۆی رۆژی ١٣٨٠/٢/١٦ میزگردێك لەبارەی مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران دا پێك هات. میزگردەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی حیزب ولاوانی دێموکرات و ئەندامانی بنەماڵەکانیان، بەڕێوە چوو.

سەرەتاکانی دروست بوونی زانستگە لە ئێران، گرنگترین رووداوەکانی خەباتی خوێندکاران لەسەردەمی رێژیمی شایەتی دا، خوێندکارانی ئێران و شۆرشی پڕشکۆی گەلانی ولاتەکەمان، ئالوگۆڕو رووداوەکانی پێوەندیدار بەزانستگەکان و خوێندکاران بە دوای هاتنە سەرکاری رێژیمی تازەدا ("شۆرشی فەرهەنگی"و "پاکسازی"ی زانستگەکان و شوێنەوارەکانیان)، نەخشی خوێندکاران لە پێکهێنانی دیاردەی ٢ی جۆزەردان داو بەشداریی چالاکانەی ئەوان لە قۆناغی ئێستای خەباتی ئازادیخوازانەدا، لەو مەسەلانە بوون کە لە لایەن بەشدارانی میزگردەکەوە باسیان لێکرا.

## پێکهاتنی پێشانگەیەکی هونەری

رۆژەکانی ١٩و٢٠و٢٢ی بانەمەڕ، لە یەکێك لە سالۆنەکانی کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزب، پێشانگەیەك بۆ بەرهەمە هونەرییەکانی لاوانی هونەرمەند احمد صالحی، کامران علیزادەو رسول شریفی پێك هات. لەو پێشانگەیەدا دەیان بەرهەمی هونەری بریتی لە تابلۆی نەقاشی، خۆشنووسی و کاری دەستی بەرچاو دەکەوتن کە سەرنجی بینەرانیان بۆ لای خۆیان راکێشاو لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ئەوان بەرەوڕوو بوون.

☯☯☯

## چەند هەواڵی کوردستانی ئێران

**پیرانشار:**

رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرین کردنەوەی رایەڵکەی سیخوریو ئیتلاعاتیی خۆی لە ناوچەی پیرانشار خەریکی سازماندانی لاوەکانی ئەم ناوچەیەیە لە ریزی" بسیج مقاومت" دا . بۆ ئەم مەبەستە مۆرەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی پیرانشار چەندین کۆبوونەوەی ئاشکراو نهێنییان بۆ خەڵکی گوندەکانی ئەو ناوچەیە پێك هێناوە. هەروەك گوترا مەبەست لەم پیلانە بەرین کردنەوەی تۆری سیخوریی دەزگای ئیتلاعاتی رێژیمە. دەزگای ئیتلاعاتی رێژیم دەیهەوێ لە ریگای ئەم کەسانەوە زانیاری لە سەر موخالیفانو بە تایبەت ئەو کەسانەی هەستی کوردایەتییان هەیە وەدەست بێنێ.

❂❂❂

کاربەدەستانی رێژیم لە شاری پیرانشار دەستیان کردوە بە دەرکردنی کرێکارە کوردەکانی کارخانەی قەندی ئەو شارە. کارخانەی قەندی پیرانشار لە مێژ ساڵە دامەزراوەوتا ئەم دواییيانە زۆربەی نێزێك بە تەواوی‌کرێکارانیو تەنانەت زۆر لە بەرپرسەکانی ئەم کارخانەیەش کورد بوون بەڵام ئێستا رێژیم خەریکە کرێکارە کوردەکان وەدەر بنێو لە جێگای ئەوان مۆرەو ئەفرادی بەسیجیو بەکرێگیراوی خۆی دادەمەزرێنێ. بە جۆرێك کە ژمارەی کرێکارانی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو لە کەمیی داوەو ئێستا تەنیا ٢٠٪ کرێکارانی ئەم کارخانەیە پێك دێننو بەرپرسایەتیی ئەم کارخانەیەش دراوەتە دەست کەسێکی غەیرە کورد کە سالێکە هاتۆتە ئەم کارخانەیە.

کاری تەبلیغی لە پیرانشار

رۆژی چوار شەممۆ ٥ی بانەمەڕی ٨٠، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری پیرانشار لەو شوێنانەی خوارەوە بە شێوەیەکی بەربلاو کاری تەبلیغییان ئەنجام داوە: ١ ـ دەبیرستانی کورانەی "صدوقی" ، ٢ـ دەبیرستانی کچانەی "کوپر"، ٣ـ دەبیرستانی کورانەی" کارو دانش"، ٤ ـ قوتابخانەی ناوەندیی کۆنە خانێ"، ٥ ـ دەبیرستانی کچانەی"فاگمە"، ٦ـ شەقامی" استقلال"ی رۆژئاواو کووچەو کۆلانەکانی دەروو پشتی ، ٧ـ شەقامی "استقلال"ی رۆژهەلات، ٩ـ شەقامی مەلا رەزا، ٩ـ کۆلانی مزگەوتی"صاحب الزمان" ، ١٠ـ پاساژی شارەداری، ١١ـ شەقامی ١٥ی "خرداد" ، ١٢ـ شەقامی کۆماری ئیسلامیی رۆژهەڵات، ١٣ـ دەوروبەری فەلەکەی "٢٢ بهمن"، ١٤ ـ شەقامی کەمەربەندی، ١٥ـ شەقامی ساحیبیو چەندشوێنی دیکەی ئەو شارە.

### دوو هەواڵ لە بۆکانەوە

بە گوێرەی خەبەرێك کە لە بۆکانەوە پێمان گەیشتووە رۆژی ٨٠/٢/١٧ تەرمی سووتاوی کەسێك بە ناوی فاروق خدامرادی لە فاسیلەی ٢٠٠ میتریی فەلەکەی ئازادەگان دوزراوەتەوە. بە پێی هەواڵ ئەو کەسە ماوەیەك پێشتر لەگەڵ کەسێك بە ناوی برایم مەلا مەحموودی بە شەڕ هاتوەو برینداری کردوە کە بەرێ کراوە بۆ تەورێزو لە مردن رزگاری بووە. لە بەر ئەوی برایم تازەترین کەس بووە کە فاروق شەڕی لەگەڵ کردوە ئێستا ناوبراو بە تۆمەتی دەست تێدا بوونی ئەو قەتلە گیراوە. وەك خەبەرەکە دەڵێ فاروق ئینسانێکی شەڕانی بووەو لەگەڵ زۆر کەسی دیکەش بە شەڕ هاتوە.

❂❂❂

هەر بە پێی ئەو خەبەرە ٨٠/٢/١٨ شۆفێری تاکسییەکی تەلەفونی سەر بە ئاژانسی ژمارە (٢٧٠٠٠) بە ناوی بەختیار بەردەزەردی خەڵکی بەردەزەردو دانیشتووی بۆکان لە نزیك گوندی مەڵلالەر کوژراوەو قاتڵەکان ماشێنەکەیان هێناوەتەوە نیزیك بۆکان و بێ ئەوەی زیانی پێ بگەیەنن بە جێیان هێشتوە. بەختیار بەردەزەردی لاوێکی ٢٠ ـ ١٩ ساڵە بووە.

روودانی ئەو قەتلانە بۆتە مایەی نیگەرانیی خەڵکی شاری بۆکانو بێباوەریی خەڵکیشی بە هێزە ئەمنیەتیو ئینتیزامییەکانی رێژیم لەو شارەدا زیادترکردوە.

# قووڵبوونەوەی قەیرانی سیاسیی ڕێژیم و ئەرکەکانمان

ب. لاجانی

چەند مانگێکە پەلاماری قۆڵی زاڵی نێو دەسەڵاتداریەتیی ئاخوندی لە پەرەگرتن دایە. گرتن و ڕاونانی موخالیفانی سیاسی، خوێندکاران‌و ڕۆژنامەنووسان درێژەی هەیە. لەو چەند مانگەی دواییدا چەند ڕۆژنامەو حەوتوونامەی دیکە داخراون‌و سەرنووسەرەکانیان بەرەو زیندان ڕەپێچەك دراون. ئەو ڕۆژنامە نووسانەی کە لە چەند مانگ لەمەو پێشەوە لە زیندان دا ڕاگیرابوون، یەك بە دوای یەك دا دادگای‌و بە زیندان مەحکووم دەکران.

پاشەکشەی سیاسیی باڵی ڕیفۆرمخواز لە بردنە پێشی بەرنامەکانیدا، بوو بە هۆی لاواز بوونی مەوقعییەتی سیاسیی ئەو تاقمە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی ئەو قەیرانە سیاسی‌یەی قووڵتر کردۆتەوە کە ڕێژیم بە دەستی‌یەوە گیرۆدەیە. تاقمی ڕیفۆرمخواز لە بەر ئەوە کە هیچ پڕۆژەیەکی سیاسیی بۆ چوونە دەر لەو وەزعە نیە کە لە نێوی‌دا دەستە و ئەژنویە، بە کردەوە کەوتوتە دەستە وەستانی. ئەوەش کە خاتەمی ماوەیەکی زۆرگومانی لە کاندیدا تۆریی دووبارەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری‌دا هەبوو، لەو دەستە وەستانی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە بارودۆخێکی ئاوادا قۆڵی زاڵی نێو دەسەلاتی فەرمانرەوا کەوتۆتە خۆ تا سەر لە نوێ فەزای سیاسیی وڵات بە گشتی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی‌و هەر چەشنە دەنگێکی ڕیفۆرمخوازی خەفە بکا.

بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە هاوکات لەگەڵ ئەم وەزعەدا کە باسمان کرد بزووتنەوە ئیعترازی‌یەکانی خەڵکیش لە گەشە کردن‌و قووڵبوونەوەی زیاتردان. چین‌و توێژە جۆراو جۆرەکانی خەڵك ، مامۆستایان، خوێندکاران‌و . . . تا دێ پتر خۆیان سازمان دەدەن. نارەزایەتی‌یە کرێکاری‌یەکان هەروا دێ پەرە دەگرن. بەواتایەکی دیکە، پێ بە پێی توندتر بوونی هێرشی قۆڵی زاڵی نێو دەسەڵاتی ئاخوندی پاشەکشەی تاقمی ڕیفۆرمخواز، بزووتنەوە ئیعترازی‌یەکانی خەڵکیش پەرە گرتووتر دەبنەوە. واتە فاکتۆرێکی دیکەی زۆر کاریگەریش لە مەیدان دایە کە بریتی‌یە، لە بزووتنەوەی ئیعترازیی خەڵك. ئەم بزووتنەوەیە لە نێو جەرگەی خەڵکەوە سەری هەڵ داوەو شکڵی گرتووە، هەر بۆیە خەڵکی‌و ڕەسەنیشە.

ئەگەر داخوازی‌یەکانی بزووتنەوەی خوێندکاریی لێ دەرکەین، جارێ زۆرترین داخوازی‌یەکانی ئەو بزووتنەوە ئیعترازی‌یانە غەیرە سیاسین.

بەڵام ئەزموونی وڵاتانی دیکە دەری دەخا کە درێژەی ئەم وەزعە، ئەم بزووتنەوە جەماوەری‌یە ئیعترازی‌یانە هەر چی پتر سیاسی دەکا.

بەو پێ‌یە ئەرکی ئازادیخوازانی وڵاتەکەمانە کە تێ بکۆشن ئەم بزووتنەوە ئیعترازی‌یانە بەرینتر بکەنەوەو بۆ سیاسی کردنی هەرچی زۆرتری ئەوان هەوڵ بدەن.

ئەو بزووتنەوە ئیعترازی‌یانە پێویستە لێك گرێ بدرێن. پێویستە لە نێوان بەشە جیاجیاکانی ئەو بزووتنەوەیەدا پێوەندی دابمەزرێ‌و دروشمی لە بارو گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە کە بتوانن وەڵامدەری هەلومەرجی زەینی‌و عەینی وڵاتەکەمان بن.

مەسەلەی هەرە گرنگ ئەوەیە کە بتوانن ئامانجێکی گشتی‌و سیاسیی ئەوتۆ بۆ ئەو بزووتنەوە جەماوەری‌یە بدۆزینەوە کە خەڵك پەسندی بێ. دروشمێکی ئەوتۆ کە خێرا بتەنێتەوەو کۆمەڵانی میلیونیی خەڵك لە دەوری خۆی کۆ کاتەوەو داخوازە بنەرەتی‌یەکانی چین‌و توێژە جۆراجۆرەکانی خەڵك لە خۆی دا جێ بکاتەوە.

کەس نیە نەزانی کە ئامانجی بنەرەتیی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ی هەتاوی دا بریتی بوو لە ڕووخانی دیکتاتوری‌و هاتنە سەر کاری ڕێژێمیکی دێموکراتی. ڕێژیمێك کە بتوانێ ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان دەستەبەر بکاو داخوازە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی چین‌و توێژە زەحمەتکێشەکانی وڵاتەکەمان دابین بکا.

ئەو ئامانجە پیرۆزە ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر وا لە جێگای خۆیەتی‌و وەك پێداویستی‌یەکی مێژوویی خۆی نیشان دەدا. چونکە پێکهاتنی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە وەزعی وڵاتەکەمان دا، بەستراوەتەوە بە دابین بوونی ئازادی‌و دێموکراسی.

گۆمان لەوەدا نیە کە کۆسپی سەر ڕێگای جێ‌بەجێ بوونی ئەم داخوازی‌یە بنەرەتی‌یەش، کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆی دایە. کە واتە بەسیج کرانی کۆمەڵانی خەڵك بە دژی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆی دا ئەرکی هەمو هێزە خەباتگێرەکانی وڵاتەکەمانە.

ئەم ڕێژیمە نیشانی داوە کە زەرفییەتی ئەوەی نیە ئاڵوگوری تێدا پێك بێ بۆیە لە بەرەبەری نیزیك بوونەوەی دەورەی تازەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا، پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەمان پتر لە هەر کاتێکی دیکە لەو ڕاستی‌یە ئاگادار بنەوە، کە بە مانەوەی ئەم ڕیژێمە داخوازە ئەسڵی‌و ئینسانی‌یەکانیان نایەتە دی‌و بە بێ ئازادییش گیرو گرفتەکانی وڵات چارەسەر کردنیان ئاسان نیە.

☯☯☯

## ئاڵمان

### سمینارێك بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌و یادی ٣٥٠ ساڵەی لە دایك بوونی ئەحمەدی خانی

ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە ٢١و ٢٢ی ئاوریلی ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن کومیتەی کوردەکانی هانۆڤەرەوە، سمینارێك لە سەر ڕۆژی ڕۆژنامە نووسیی کوردی‌و لە دایکبوونی شاعیری گەورەی کورد، ئەحمەدی خانی لە ناوەندی ڕاگەیاندن‌و ڕۆشنبیریی کوردی پێك هات. بەرنامەکانی ئەو سمینارە بەو جۆرە بوون:

ڕۆژی شەممە ٢٠٠١/٤/٢١، کرانەوەی پێشانگەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە لایەن بەرێزان "نەنکە زەرمارینی"و مامۆستا جەمال خەزنەدارەوە. پاشان بەراوردێك لە نێوان سوفیزمی مەم‌و زین‌و ڕێبازی عەقیدەتیی ئەحمەدی خانی لە لایەن "جان دوست" لە کوردستانی سووریەوە.

ئینجا باس لە سەر مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە نیشاندانی بەڵگەو نموونە کۆن‌و نوێ‌یەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان لە لایەن مامۆستا جەمال خەزنەدارەوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠١/٤/٢٢ باس لەسەر ڕۆژنامەنووسی‌و ڕاگەیاندنی کوردی‌و وەزعی کوردەکان لە سۆڤیەتی پێشوودا‌و دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچەیە لە هەلومەرجی ئێستادا.

دوایین بەشی بەرنامەکە باس لە سەر ڕۆژنامەنووسیی کوردستانی ئێران بوو کە بۆ ئەم مەبەستە هاوڕێیان کاك عەبدوڵلا عێزەتپوورو کاك کەیهان مستەفایی بە نوێنەرایەتی لە لایەن کومیتەی حیزب لە ئاڵمان بەشداری‌یان تێدا کرد. هاوڕێیانی حیزبی لە باسەکەی خۆیان دا ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی ئێرانیان بە چوار قۆناغی پێش کۆماری کوردستان، دەورانی کۆماری کوردستان، دوای کۆماری کوردستان‌و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران‌و سەردەمی کۆماری ئیسلامی دابەش کردو وێرای شیکردنەوەی ئەو قۆناغە، خۆشحاڵیی خۆیان‌و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕە هەرچەند کەمانەی کە لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا لە بواری ڕۆژنامەنووسی‌دا لە ئێران‌و کوردستان هاتۆتە پێش، دەربڕی‌و ئیشارەیان بەوەکرد کە ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ئاکامی خەبات‌و قوربانیدانی بێ‌وچانی گەلانی ئێران‌و گەلی کورد دا هاتوونە پێش. هاوڕێیانی حیزبی لە دوایی‌دا وەڵامی پرسیاری بەشدارانیان دایەوەو بەم جۆرە کۆتایی بە سمینارەکە هات.

# دیاری بۆ کتێبخانەی "کوردستان"

**لەماوی چند حەوتووی رابردوودا کۆمەڵێك کتێب و گۆڤاری جۆراوجۆر لەلایەن نووسەران یان ئـەو بنکەو ناوەندانەی بڵاویان کردوونەوە، بەدیاری بۆ کتێبخانـەی دەسـتەی نووسـەرانی "کوردسـتان" هاتوون. ئێمە وێڕای پیرۆزبایی بەبۆنـەی دەرچـوون و بڵاوبوونـەوەی ئـەو بەرهەمانـە و سـوپاس لـەو بەڕێزانەی بەدیارییەکانیان "کوردستان"یان بەسـەر کردۆتـەوە، دیارییـەکان لـێرەدا بەخوێنـەران دەناسێنین:**

## "چەند شانۆنامەیەك بۆ مناڵان"

لـە زنجیرە کتێبـی "دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم" بـە تـیراژی ٤٠٠ دانـە کەوتـە بەردەسـتی خوێنەران. ئەم کتێبە ۷ چیرۆکی وەرگێڕدراوی بیانیی لە خۆ گرتوە کـە بـەڕێز فـاروق هومـەر لـە زمـانی عەرەبییەوە هێناویەتە سەر زمانی کوردی.

## "دەنگی بێدەنگی"

کۆمەڵـە شـیعرێکی، شـاعیر میدیایـە لـە ٦٨ لاپەڕەداو لە سەر ئەرکی شاعیر بە تیراژی ۲۰۰ دانە چاپ کراوە. ماوەیەك لەمەوپێش کەوتـە بـەردیدەی خوێنەران.

## "رابەری رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردی"

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لـە سلێمانییە کە بریتییە لـە ناسـاندنی ئـەو گۆڤـارو رۆژنامە کوردییانە کە لـە نێـوان سـاڵانی ۱۹۹۱-۱۹٦۱دا بەنـهێنی دەرچـوون و کـاك نـەوزاد عـەلی لێکۆڵینەوەی لەسەر کردون و لە دوو توێی کتێبێکـی ۱۳٤ لاپەڕەییدا بڵاوی کردۆتەوە.

## "بەرکولێکی زانستە زاراوە سازیی کوردی"

کتێبـی "بـەرکولێکی زانسـتە زاراوە سـازیی کوردی" چاپی سلێمانی لە نووسینی بەڕێز مامۆستا جـەمال عـەبدول بـەتیراژی ٦٠٠ دانـە کەوتـە کتێبخانـەی کوردییـەوە. نووسـەر لـەم کتێبـەدا کۆمەڵێك لە زاراوە زانستییەکانی کردون بە کوردی.

## "زمان و زانستی زمان، سەرەتایەك بۆ زانستی زمان"

"کتێبـی زمـان و زانسـتی زمـان" بابـەتی توێژینەوەی بەڕێز محەمەد مـەحوی بـە تـیراژی ٤٠٠ دانە لە لایەن"دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم" بـڵاو کرایەوە. لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێب دا لـە پێنـج بەش پێك هاتوە، نووسـەر هـەوڵی داوە لـە رێگـای وەلامدانەوەی پرسیاری"زمان چیە" پێناسەی زمـان وەك بابەت و کەرەستەی زانستی زمان بکرێت.

## "گڕی دڵ"

کتێبی "گڕی دڵ" بەرهەمێکی ئـەدەبیی بـەڕێز دوکتور عیزەدین مستەفا رەسوولە کـە بـە تـیراژی ۳۰۰ دانـە چـاپ و بـڵاو کرایـەوەو بریتییـە لـە کۆمەڵێك شـێعر و هونـراوەی بـەڕێزیان لـە مـاوەی چەندین ساڵ تێکۆشانی ئەدەبی دا.

## "شێعر نما"

"شێعر نما" لە بلاو کراوەکانی "سەنتەری نما بـۆ لێکۆڵینـەوەی فیکـری و ئـەدەبی"یـە و کۆمـەڵێك هۆنـراوەی ۸ شـاعیری لـە خـۆدا جێکردۆتـەوە، دانەیەکیشـی بـەدیاری گەیشـتە دەسـتەی نووسەرانی"کوردستان".

## هەڵوەدا"

دووهەمین ژمارەی گۆڤـاری وەرزیـی"هـەلوەدا" کـە لـە وڵاتـی نوروێـژ چـاپ و بـڵاو دەبێتـەوە لـە بـەرگێکی رازاوەدا کەوتـە بـەر دیـدەی خوێنـەران. بەرێوەبەرو بەرپرسی گۆڤارەکـە بـەڕێز کـاك عـارف باوەجانییەو دەستەی نووسەرانی بریتیین لە: عیمـاد زەنگەنـە، حـەمید تـەیموری و زەکـی ئـەمین. پیرۆزباییـان پـێ دەڵێین و سـەرکەوتنی هـەرچی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازین. خوێنـەران دەتوانن بۆ پێوەنـدی گرتـن بـە "هـەلوەدا"وە بروانـنە ئـەو ئادرەسەی خوارەوە:

Halwada
Pb>158 Nordstrand
1162 Oslo< norway

## "روانین"

ژمارە (۱۰)ی گۆڤاری "روانین" کە گۆڤـارێکی رووناکبیری، گشتییەو دوو مانگ جارێك دەردەچـێ چاپ و بلاو کرایەوە کە کۆمەڵێك بابەتی بە پێزی لـە خۆ گرتوە.

## "سێ رۆژنامەی رۆژگاری شێخی نەمر"

کتێبی "سێ رۆژنامەی رۆژگاری شێخی نـەمر" لە ئامادە کردنی کاك رەفیق سـالح و لێکۆلینـەوەی بەڕێزان د. کەمال فوئادو سدیق سـالح بـە تـیراژی ٦٠٠ دانـە چـاپ و بـلاو کرایـەوە کـە بریتییـە لـە تاوتوێکردنی سێ رۆژنامەی " بانگ حق" ، "بـانگ کردستان"و "امید استقلال"

## "رۆژنامەڤانی"

ژمـارە ٤ی "رۆژنامـە ڤـانی" کـە گۆڤـارێکی وەرزییـەو لـە لایـەن سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتانەوە دەردەچـێ، چـاپ و بـلاو کرایـەوەو کۆمەڵێك بابەتی لە بارەی رۆژنامەنووسـییەوە تێـدا وەبەر چاو دەکەوێ.

## "شیعرستان "

ژمـارە ۷ی" شیعرسـتان" کـە بڵاوکراوەیـەکی وەرزییـە تایبەتـە بـە شـیعرو گۆڤـاری "ئـایندە" دەریدەکات، چاپ و بلاو کرایەوە کـە کۆمـەڵێك لـە بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرانی کوردسـتانی تێـدا بلاو کراوەتەوە.

## "گەلاوێژی نوێ"

ژمـارە ۲٤ ـ ۲۳ی گـەلاوێژی نـوێ کـە گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە لە لایەن بنکـەی ئەدەبی و رووناکبیری گـەلاوێژەوە دەردەچـێ، چـاپ و بلاو کرایەوە.

ئـەم ژمارەیـە گۆڤـاری" گـەلاوێژی نـوێ" کۆمەڵێك لە بەرهەمە خەڵات کراوەکانی پێنجـەمین فستیڤاڵی گەلاوێژی تێدا بلاو کراوەتەوە.

## " دیاری کوردستان"

(۱۹۲٦ ـ ۱۹۲٥)

کتێبی " دیاری کوردستان" کە لێکولینـەوە سەر لە نوێ چاپ کردنەوەی گۆڤاری" دیاری کوردسـتان"ەو کـاك رەفیـق سـالح ئامـادەی کـردوە لـە لایـەن دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەمەوە چـاپ و بـلاو کرایـەوە. ئـەم کتێبەتایبەتـە بـە ژمارەکـانی "دیـاری کوردستان" کە ۱٦ ژمارەی لـێ دەرچووە لـە لایەن"صالح زکی صاحبقران"ەوە.

# دوا وانە

**نووسینی: ئەلفۆنس دودیە**

**وەرگێڕان لە ئینگلیزی‌یەوە: ئەرخەوان زیاد محەممەد ئەمین**

ئەو بەیانی‌یە کات تەواو بە سەر چووبوو، بەڵام من هێشتا رووم نەکردبووە خوێندنگا، ترسێکی زۆر باڵی بە سەردا کێشابووم، بیرم لەو ئازارە دەکردەوە کە لە سزای ئەو دواکەوتنەم وەری دەگرم، سەرەڕای ئەوەش"مسیو هامیل" ئاگاداری کردبووین کە ئەو رۆژە ناوی "بکەر"و "جێگری بکەر"مان لێ دەپرسێتەو، کە منیش لەم دوو وانەیەدا هیچ کاتێك باش نەبووم.

لەبەر درەنگی کاتو لە بەر باش نەبوونم لە وانەی"بکەر"و"جێگرەکەی"دا وام بە بیردا هات کە نەچمە ژوورەوەو بەرەو کێڵگەکان بڕۆم. ئەو رۆژەش تاکوو رادەیەکی باش هەوا خۆش بوو، چۆلەکە رەشەکان زۆر بە خۆشی‌یەوە لە ناو دارستانەکەدا دەیان جریواند، سەربازە ئاڵمانی‌یەکان لەو دەشتایی‌یەی کە دەکەوتە سەرووی ئاشەکەوە خەریکی راهێنانی رۆژانەیان بوون. ئەو دیمەنەش هەر هەموویان لە لای من لە یاسای بەکار هێنانی" ناوی بکەرو جێگرەکەی" جوانتر و خۆشتر بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا هەموو هێزو هۆشی خۆم کۆکردەوە بۆ ئەوەی بەرەو قوتابخانەکەم بگەرێمەوە. کاتێك کە گەیشتمە گۆڕەپانی شار، کۆمەڵێك خەڵکم دیت کە لە بەردەم یەکێك لە دیوارەکان کۆببوونەوەو ئەو نووسراوانەیان دەخوێندەوە کە هەڵاوەسرابوون.

لەم دوو ساڵەی دواییش دا هەواڵەکان لە گەورەوە تاکو بچووکیان هەر هەموویان باش نەبوون، هەمیشە ئەو هەواڵانەمان دەخوێندەوە کە باسی شکانی سەربازەکانمان بوون لە شەڕەکان دا، یان ئەو سزایانەی کە لە ئەنجامی شکانەکانمان بۆمان دانرابوون، یان دادەنران.

هەر چەندە من خۆم تێکەڵی خەڵکی نەدەکردو بەم جۆرە کارانەوە خەریك نەدەبووم، بەڵام هەواڵی ئەم جارە وادیارە زۆر گرنگە! دەمگوت دەبێ چی بێت؟ وا ئەم خەڵکەی لێ کۆ بۆتەوە!

لەو کاتەدا کە بە گۆڕەپانەکەدا رام دەکرد بۆ ئەوەی هیچی دیکە دوا نەکەوم! "ودتشیر"ی ئاسنگەر لەگەڵ شاگردەکەی خەریکی خوێندنەوەی نووسراوەکان بوون. "ودتشیر" بانگی کردم: بچکۆلەکەم! رامەکە، هەرچۆنێك بڕۆیت لە کاتی خۆی‌دا دەگەیتە خوێندنگاکەتو فریای وانەکەت دەکەویت. من وامزانی گەمەم لەگەڵ دەکات بۆیە لە سەر راکردنەکەم بەردەوام بووم تاکو بە هەناسە بڕکێ گەیشتمە ئەو شوێنەی کە ماموستا"مسیو هامیل" لێی دەچووە ژۆری خوێندنگاکەوە.

رۆژان هەمیشە لە سەرەتای وانەدا دەنگە دەنگ ئەوەندە بەرز دەبووەوە کە تاکو رادەیەك لە دەرەوەش دەبیسترا، دەرگاکان دەکرانەوەو دادەخرانەوە، هەر یەکێك لە ئێمە بە وریایی گوێی لێ رادەگرت بۆ ئەوەی چاکتر لە دەنگو باسی نێو خوێندکارەکان بگات، لەو کاتەش دا ماموستا راستەکانزایی‌یە قورسەکەی لە مێزەکەی رادەکێشاو هاواری دەکرد: بێدەنگی! بێدەنگی!

دەمویست لە نێو ئەو هەموو هەراو هوریا نائاسایی‌یەدا خۆم بگەیەنمە شوێنەکەم، بێ ئەوەی کەسێك هەستم پێ بکات بەڵام ئەوەی سەرم لێ سووڕما ئەوە بووکە ئەو بەیانی‌یە هەموو شتێك بە پێچەوانەی رۆژانی دیکە بوو.

توانیم لە پەنجەرەکەوە هاوڕێکانم ببینم کە هەموویان لە جێگای خۆیان دانیشتبوون. "مسیو هامیل"یش لە دوای چەند جارێك وتنی "بێدەنگی" راستە کانزایی‌یەکەی خستە بن هەنگڵی‌و بە نێویان دەهاتو دەچوو.

دەبوو دەرگاکە بکەمەوەو بە نێو ئەو بێدەنگی‌یەدا بچمە ژوورەوە.

لەو بڕوایەدا بووم کە پێویستیم بە هیچ دواندنێك نەبێت لەگەڵ ماموستا، چونکە دوا کەوتبووم، شەرمێکی زۆر دایگرتبووم. چەند سەیر بوو کە ماموستا سەیری کردمو بێ ئەوەی هیچ تووڕە بوونێکی پێوە دیار بێت بەڕێزەوە پێی گوتم: بچکۆلەکەم"فرانز" !، زووبە بچۆ شوێنی خۆت، خەریك بوو بە بێ تۆ دەست پێ بکەین.

چووم لە سەر کورسی‌یەکەم دانیشتم، کاتێ هێندێك هاتمەوە سەرخۆم، بینیم ماموستاکەمان کراسە هەریرە چنراوەکەی‌و پاڵتۆ سەوزە جوانەکەی لەبەر کردوە، کە جوانترین بەرگی خۆی بوون ئەم بەرگەشی تەنها لە رۆژانی پشکنین‌و ڕیز بوون‌و دابەشکردنی پاداشت بە سەر سەرکەوتووەکان دا لەبەر دەکرد، لەوەش زیاتر هەستم کرد کە بێدنگی‌یەکی ترسناك باڵی بە سەر هاوڕێیانی پۆڵەکەدا کێشابوو.

ئەوەی بە لامەوە سەیر بوو، ئەوە بوو چاوم بەو جووتیارانە کەوت کە لە سەر کورسی‌یەکانی ئەو بەری ژوورەکە دانیشتبوون کە ئەو کورسی‌یانەش هەمیشە کەسی لە سەر



**ئەرخەوان زیاد محەمەد ئەمین ساڵی ١٩٦٧ لەرانیە لە دایك بووە، کولیەی زانستی لە زانستگەی صلاح الدین لە هەولێر تەواو کردوە، ئێستا لە کانادا دەژی‌و کومپیوتێر دەخوێنێ.**

دانەدەنیشت ئەوانیش هەر وەکوو ئێمە بێدەنگی دایگرتبوون.

لە ناو ئەم جوتیارانەش دا مام" هوزر" بە خۆی و شەبقە سێ سووچەکەیەوە لەگەڵ هەڵبژێراوی ناوچەکەو پۆستچی‌یە پیرەکەو چەند کەسێکی دیکە دەبینران، کە هەموویان دڵتەنگی‌یان بە رووانەوە دیار بووە.

دەمبینی کە مام"هوزر" پەرتوکێکی رێزمانی سەرەتایی بە کراوەیی لە سەر ئەژنۆکانی دانابوو، لە پشت چاوێلکە ئەستورەکەشی چاوی بە سەر پیتو هێڵەکان دا دەگێرا.

لەو کاتەدا کە بە سەر سووڕماوی‌یەکی زۆرەوە لە واتای ئەو هەموو شتانەم دەکۆڵی‌یەوە!، ماموستا "هامیل" هاتە سەر جێگای خۆی‌و ڕووی تێ کردین‌و هەر بەو شێوەیەی جاران کە لەگەڵمان دەدوا گوتی:

رۆڵەکانم ئەمرۆ دوا وانەیە کە پێتان دەڵێم، چونکە لە بەرلینەوە فەرمانێك هاتوە کە پێویستە لە ئێستا بە دواوە خوێندن لە خوێندنگاکانی ئەلزاس‌و لۆرێن بە زمانی ئەڵمانی بێت، بەیانییش ماموستای تازەتان بۆ دێت، ئەمرۆش گوتیان لە دوا وانە دەبێت بە زمانی فەرنسی، بۆیە تکاتان لێدەکەم کە لە هەموو جارێك چاکترو هوشیارتر گوێم بۆ رادێرن.

زانیم کە ئەمە دوا وانەمە بە زمانی فەرەنسی، من کە پێشتر لە وانەکانم دا زۆر باش نەبووم، دیارە لەمەودواش بەرەو خراپتر دەڕۆمو هیچی دیکە فێر نابم. لەو کاتەدا چەند پەشیمان بوومەوە بۆ ئەو هەموو کاتەی کە لەمەو پێش بە فیڕۆم دابوو، هەموو ئەو وانانەش کە لە دەستم چوو بوون، لە پێناوی کاری مندالانەی زیانبەخش‌و بێ بایەخ، وەکو تێکدانی هێلانەی چۆلەکەو گرنگی نەدان بە پەرتووکەکانم لە بەر چاوم رەزا قورس بوون، ئێستا لە لام شیرین ببوون.

هەموو ئەو بیرانە وایان لێکردم کە چۆن ناتوانم لە هاوڕێ کۆنەکانم جیا ببمەوە هەر وەهاش ناتوانم لەمامۆستا هامیل جیا ببمەوە، بیرم هەر لە سەر ئەوە بوو کە بە جێمان دێڵێ‌و جارێکی دیکە نایبینمەوە! ئەوەش وای لێ کردم کە لێدانی راستە قورسەکەی‌و هەموو ئەو سزایانەش کە هەمیشە دەیدام لە بیر بکەم.

ئای، چ پیاوێکی هەژارە. . .! کە واتە بە بۆنەی ئەم رۆژە کۆتایی‌یەوەیە کە جوانترین جل‌و بەرگێك کە هەیەتی لە بەری کردوە!!

ئێستا تێ‌گەیشتم کە ئەم جووتیارانە بۆچی هاتوونەتە ئێرەو بە بێ دەنگی لە پۆلەکەمان دا دانیشتوون دیارە ئامادە بوونیان لە کاتێکی ئاوهادا دەربرینی ئەو کەمتەر خەمی‌یە بوو کە لەمەو پێش وەکو پێویست سەردانی قوتابخانەیان نەکردبوو، کە ئەمەش کاری هەمیشەیی خۆیان بوو، ئەوان دەیانویست سوپاسی مامۆستا بکەن لە سەر ماندوو بوونی ئەم چل ساڵەی کە بە دڵسۆزی‌یەوە لە کارەکەی‌دا بە سەری بردوەو بە بۆنەی چل ساڵ کارو تێکۆشان‌و ماندووبوونی لە بە جێ گەیاندنی دڵسۆزانەی ئەرکەکەی‌دا.

بەم هەموو بیرانە جەنجاڵ بووم کە گوێم لە ناوی خۆم بوو، بانگیان دەکردم! کەواتە ئێستا سەرەم گەیشتبێ! ئای . . . ! هەر چەندی دەمکرد نەمدەتوانی بە زمانێکی رەوان و بە بێ هەڵەی رێزمانی وەڵام بدەمەوە.

بۆیە بە لارە ملی لە جێگای خۆم راوەستام‌و دڵیشم خێرا خێرا لێی دەدا بێ ئەوەی بتوانم سەرم بەرز بکەمەوە.

مامۆستا"هامیل" پێی گوتم : بچکۆڵەکەم "فرانز"! ئازارت نادەم، سزاکەت گەورەیە، زۆریش گەورەیە ئەویش ئەوەیە کە هەموو رۆژێ بە خۆمان دەڵێین (بەیانی کاتی تەواومان هەیە، بەڵام بەیانیش بە فیرۆ دەدەین‌و هەر ئەوە دەڵێینەوە!!).


ئای! گەورەترین کارەسات کە تووشی ئەلزاس بووە ئەوەیە هەمیشە دەیەوێت فێر بوون بۆ بەیانی دوا بخات. لەمەودوا بێگانە دێن، پێتان دەڵێمەوە ( ئێوە دەڵێن، ئێمە فەرەنسین، لەگەڵ ئەوەش دا هەرگیز ناتوانن فێری زمانی گەلەکەتان بن‌و پێی بنووسن!).

مامۆستا "هامیل" لە سەر وتەکانی رۆیشت‌و گوتی:"گەلێك کە دەکەوێتە کۆیلایەتی‌یەوە بە دەست خۆیەتی، ئەویش بەردەوام نەبوونە لە سەر پاراستن‌و پەرەپێدانی زمانی رەسەنی خۆی).

لە دوایی دا پەرتووکی رێزمانی هەڵگرت‌و دەستی بە وانەکە کرد. زۆر سەرم لە خۆم سوڕ مابوو، کە ئەو شتانەی مامۆستا باسی دەکردو زۆر بە باشی تێیان دەگەیشتم‌و تاکو رادەیەکی زۆریش لە لام ئاسان بوون. بە بیرم دا نایەت کە بە درێژایی تەمەنەم گوێم لە هیچ کەسێك گرتبێت وەکو ئەو کاتە کە گوێم لە مامۆستا هامیل گرتبوو!!.

زۆر بە هێواشی دەستی بە روونکردنەوەی نموونەکان کرد، کە هەرگیز لەمەو پێش بەمجورە جوان ڕوونی نەدەکردنەوە. ئەم پیاوە بە بەزەیی‌یەم زۆر بە پەشۆکاوی دەهاتە بەر چاوان، دەیویست هەموو روشنبیری‌و زانستەکەی خۆی بە یەکجار بخاتە مێشکمانەوە.

دوای ئەوە کاتی "خۆشنووسین" هات. بەم بۆنەیەوەش مامۆستا "هامیل" بە نووسینێکی جوان ئەم وشانەی لە سەر تەختەرەش نووسی(فەرەنسا، ئەلزاس، فەرەنسا، ئەلزاس). ئەم وشانە هەر وەکوو ئەو نووسینە بچووکانەی سەر دیواری ژوورەکەمان هانیان دەدام.




زۆر جوان بوو کە دەمبینی هەر یەکە لە ئێمە بە نووسینەوە خەریکە و بێجگە لە دەنگی پێنووسەکان کە بە سەر پەڕەکان دا دەهات هیچ دەنگێکی دیکە نەدەبیسترا.

لەو کاتەدا چۆڵەکەیەك خۆی بە ژوورەکەمان دا کردو کەمێکی فڕەفڕ کرد، بەڵام تەنانەت سەرنجی بچووکترین قوتابیشی رانەکێشا، چونکە ئەوانیش بە سەرگەرمی زۆرەوە خەریکی هێلکێشانی پەڕەکان بوون.

لە سەر دیواری قوتابخانەکە کۆترێك بە خۆشی‌یەوە دەیگماند، لە دڵی خۆم دا گوتم:" ئایا لەمەو دوا زۆری لەو کۆترەش دەکەن کە هەر دەبێت واز لە زمانی رەسەنی خۆی بهێنێت‌و بە زمانی ئەڵمانی بگمێنێت!!

کاتێك نا کاتێك چاوم بۆ دیتنی مامۆستا "هامیل" هەل دەبڕی کە بێ جووڵە لە سەر کورسی‌یەکەی دانیشتبوو، چاوەکانی بە سەر قوتابیان‌و شتەکانی ژوورەکەو هەموو قوتابخانەدا دەگێڕا، هەر وەکو بییەوێت بۆ هەتا هەتایە وێنەیان لە مێشکی خۆی‌دا چەسپ بکات. وام بە بیردا هات ئێستا یادی رۆژەکانی ئەو چل ساڵە دەکاتەوە کە لەم قوتابخانەو بەردەمی هەمان ڕێگادا بە سەری بردوەو لەم ماوە درێژەش دا بێجگە لە هەندێك ئاڵوگۆڕی بچوك هیچ گۆڕانێکیان بە سەردا نەهاتوە، ئەویش وەکو: پاك کردنەوەی کورسی و پەیژەکان کە لە دوای بە کار هێنانێکی دوورو درێژ بۆیە کراونەتەوە، دار بادامەکەی گۆڕە پانەکەش کەمێکی گەشە کردبوو، لاو لاوەکەی مامۆستا بە دەستی خۆی ڕوواندبووی توولەکانی لە پەنجەرەکە ئالآبوون‌و هەتا سەربانەکەش درێژ ببوونەوە.

دەبێت دڵی ئەو پیاوە بە بەزەیی‌یە چ تاڵی‌یەك بچێژێت لە کاتێك دا کە بیر دەکاتەوە ئەو هەموو شتە هۆگرانە بە جێ دەهێلێت؟

دەنگی پێی خوشکەکەی دەبیسترا کە لە ژوورەکەی سەرەوەدا هاتوچۆی دەکرد بۆ پێچانەوەی کەڵ‌و پەلەکانیان.

دەبوو بۆ نیوەڕۆ ئەو وڵاتە بەجێ بهێلێت‌و هەرگیز نەگەرێتەوە! لەگەڵ ئەوەش دا ئازایەتی خۆی لە دەست نەدابوو، تەنانەت یەك نموونەشی لە بیر نەچووبووەوە!!

هەر کە وانەی منداڵە بچکولەکان دەستی پێ کردو بەیەکەوە هەندێ وشەیان دەگوتەوە، "مام هوزر" لەو پەری ژوورەکەوە چاوێلکەکەی دانا و پەرتوکێکی خستە نێوان دەستەکانی‌یەوەو لەگەڵ منداڵەکان بە تووڕەیی‌و دڵگەرمی‌یەوە دەستی بە وتنەوەی پیتەکان کرد. لە بەر ئەوەی کە دەنگەکەی بۆڕو لەرزۆك بوو لەگەڵ دەنگی ناسکی منداڵەکان نەدەگونجا، بۆیە پێکەنینمان بە دەنگەکەی دەهات، بەڵام لە هەمان کاتیش دا گەروومان پڕ بوو لە گریان، گریان‌و پێکەنین‌و بەزەیی تیکەڵ ببوون. لەو کاتەش دا لە پڕ کاتژمێری کەنیسەکە کاتی دوازدەی لێ‌دا، هەر لەگەڵ لێدانی کاتژمێرەکەش لە ژێر پەنجەرەی قوتابخانەکەمانەوە کەڕەنای سەربازە ئەڵمانی‌یەکان بوو کە لە راهێنانی رۆژانەیان دەگەرانەوە دەستی پێ کرد.

مامۆستا "هامیل" لە سەر کورسی‌یەکەی هەستا . . . زۆر تێك چووبوو، بەڵام هیچ کاتێك ئەوەندەم بە باڵا بەرزی نەدیتبوو!!

گوتی: "ئەی هاورێکانم!، ئەی هاوڕێیانم! من . . .من . . . ."، شتێك بەری گەرووی گرتبوو، نەیدەتوانی وتەکانی تەواو بکات، لەبەر ئەوە پارچە تەباشیرێکی بە دەستەوە گرت‌و بە توندی بە هەموو هێزی خۆیەوە بە گەورەیی لە سەر تەختەرەشەکە نووسیی:" بژی فەرەنسا" لە تەنیشت تەختە رەشەکەوە راوەستا بوو، پشتی بە دیوارەکەوە دابوو، سەریشی پێ‌دا گرتبوو، تووڕەیی‌یەکی زۆری پێوە دیار بوو، هیچ وشەیەکی لە دەم نەهاتە دەرێ، بەڵام جووڵانی دەستی تێی گەیاندین کە" ئەوە هەموو شتێکەو دەتوانن بڕۆنە دەرێ!!".

# به بۆنەی ٩ ساڵەی کۆچی دوایی عەلی حەسەنیانییەوە

خالید. م

***وەرە جەللاد!***

***وەرە ئەی خوێنمژی بەدکار!***

***دەتوانی بیخەیە ئەستۆم گوریسی دار***

***ئەوە شانازییە بۆ من،***

***بەوە ناکوژی ئیمانم، ئەوە سەربەرزییە***

***بۆ من***

حەڤدەی بانەمەڕی ئەمساڵ، نۆ ساڵ بە سەر کۆچی دوایی نووسەرو شاعیری نیشتمانپەروەر عەلی حەسەنیانی(هاوار)دا رابرد. عەلی حەسەنیانی ناسراو بە "هاوار" بە هەوڵی بێ وچانی لە کاروانی هونەرو وێژەی کوردیداو رۆڵی بەرچاوی لە بوژاندنەوەو درێژە پێدانی رەوتی نوێی شێعری کوردی لە کوردستانی ئێران دا، لە ریزی کەسانێکی وەك سوارەو چاوەو . . .، ناو دەبرێ. "هاوار" بە هۆی پلەی بەرزی خوێندەواریو ئاشنا بوونی لەگەڵ گورانکارییەکانی شێعری نوێی فارسیو بە پێرەوی لە باوکی شێعری نوێی کوردی (گوران)، بوو بە یەکێك لە پێشەنگانی ئەو ئاڵوگورە کە بە داخەوە بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی، تا ئێستاش لە چاپ نەدراون. لەم وتارەدا ئاوردانەوەیەکی خێرامان دەبێ لە سەر ژیانی سیاسیو ئەدەبیی ئەم شاعیرە نیشتمانپەروەرە.

عەلی حەسەنیانی رۆژی ٢٥ی پووشپەری ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی(١٩٣٩ی زایینی) لە گەرەکی "پامنار"ی شاری تاران لە دایك بوو. بە هۆی پیشەی بازرگانیی باوکی وەکوو هۆکارێك بۆ گەران لە شارەکانی ئێران پاش چەند ساڵ نیشتەجێ بوون لە شارەکانی تاران و کەرەج، دەچێتە هەمەدانو هەر لەو شارەش دا دەنێردرێتە قوتابخانەی سەرەتاییو پاشان لە قوتابخانەی فیردەوسیی مەهاباد (١٣٢٥) قۆناغی سەرەتایی خوێندن تەواو دەکاو هەتا وەرگرتنی دیپلۆم لە قوتابخانەکانی"مەحمەد رەزا شا"ی مەهابادو "دوکتور سورەتگەر"ی تاران درێژە بە خوێندن دەدا.

عەلی حەسەنیانی ساڵی ١٣٣٨(١٩٥٩) دەچێتە زانستگەی تارانو لە بەشی "مافو زانستە سیاسییەکان"دا درێژە بە خوێندن دەدا. لە زانستگە لەگەڵ رووناکبیرانی کورد یەك دەگرنو دەبێتە ئەندام لە "یەکیەتیی خوێندکارانی کورد لە زانستگەکانی ئێران"دا و هەستی کوردایەتی بەرەو تێکۆشانی سیاسی هانی دەدا. ساڵی ١٣٤١ ( ١٩٦٢) پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەگرێ. ساڵی ١٣٤٢ پاش مانگرتنی خوێندکارانی زانستگای تاران لەگەڵ تاقمێك لە هاورێیانی دەخرێتە زیندان. "هاوار" پاش ئازاد بوونی لە زیندان درێژە بە خوێندن دەداو لیسانسی ماف (حقوق) لە زانستگە وەردەگرێو هەتا رووخانی رێژیمی پاشایەتی(١٣٥٧) لە شارەکانی ئێران وەك پارێزەر دەست بە کار دەبێو پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دەگەرێتەوە شاری مەهابادو وەکوو ئەندامی رەسمیی حیزبی دێموکرات پەرە بە تێکۆشانی سیاسیو ئەدەبیی خۆی دەداو پاش چوار ساڵان، واتە لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی و جێگر بوونی تێکۆشەران لە شاخ دا، لە چیاوە بەرەو شار دەگەرێتەوە.

پاش گەرانەوەی،"هاوار" وەك پارێزەر درێژە بە کار دەداو هاوکات لەگەڵ بلاو بوونەوەی گۆڤاری "سروە" هاوکاریی خۆی لەگەڵ ئەو گۆڤارە دەست پێ دەکاو لە مەهابادیش دەگەل تاقمێك لە شاعیرانو ئەدەبدۆستان"ئەنجومەنی ئەدەبی" دادمەزرێنیو لە خەرمانانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی کتێبی "شاری وێران"ی ـ کە بریتییە لە کۆمەلێك وتاری ئەدەبی و هونەری ـ بلاو کردەوە.

عەلی حەسەنیانی ساڵی ١٣٦٨ لە وڵات وەدەر کەوت و پاش کەندو لەندێکی زۆر لە وڵاتی فینلەند گیرسایەوەو بە داخەوە شەوی هەینی ١٧ی بانەمەڕی ١٣٧١(١٩٩٢/٥/٨) بە هۆی سەکتەی قەلبی کۆچی دوایی کردو رۆژی ١٩٩٢/٥/١٥ لە گۆرستانی "هانس کریستیان ئاندێرسێن"ی شاری کۆپنهاك بە خاك ئەسپێردرا.


"هاوار" چەند رۆمانو چیرۆكو کۆمەلێك شیعرو بابەتی ئەدەبیی دیکەی نووسیوون کە لێرەدا ئاماژە بە بەشێك لە بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی دەکەین:

١ ـ کارمامز: رۆمان ـ چاپ نەکراوە
٢ ـ بزەی ژیان: رۆمان ـ چاپ نەکراوە
٣ ـ دەروێش : رۆمان ـ چاپ نەکراوە

بۆ ئامادە کردنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوەی خوارەوە وەرگیراوە:
ـ گۆڤاری "مامۆستای کورد" ژمارە ١٩، پاییزی ١٩٩٣

✵✵✵

## کۆرێکی شیعری بۆ مام ئەنوەری سوڵتانپەنا



بە گوێرەی هەواڵێك کە لە کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە "ئەدەبو هونەر"ی "کوردستان" گەیشتوە، ماوەیەك لەمەوبەر کۆمەڵەی کولتوری کوردەکانی ئوسلۆو دەوروبەر، ئێوارە کۆڕێکی شێعر خوێندنەوەی بۆ شاعیری خۆشەویستی گەلەکەمان کاك ئەنوەری سوڵتانپەنا پێك هێنا. ئەو کۆرە کە لە یەکێك لە کتێبخانەکانی شاری ئوسلودا بەڕێوە چوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی ئوسلو بەشدارییان تێدا کرد. لەو کۆڕەدا مام ئەنوەر بەشێك لە شێعرەکانی خۆی خوێندەوە کە شوێنەواری زۆریان لە سەر خەلکەکە داناو لەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشدارانی کۆرەکە بەرەوروو بوو.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of
Democratic Party of Iranian Kurdistan

No:310 11 May 2001



**له دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ رۆژنامەی**
**"کوردستان"**
**لەگەڵ ئەم ئادریسەی خوارەوە پێوەندی بگرن:**

AFK
B.P. 102- 75623 PARIS
CEDEX 13- FRANCE
Tel. 0033145856431, Fax. 0033145852093


# چەند هەواڵ لە کومیسیۆنی فیرکردنەوە


## کۆبوونەوەیەکی گشتیی تیکۆشەرانی حیزب بەبەشداریی هاوریٚ سکرتیری گشتی

به دوای گەرانەوەی بەریزان مامۆستا عبدالله حسن زادە سکرتیری گشتی و کاك حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەکەمان لە سەفەری چەند مانگەی دەرەوەی وڵات، کۆمیسیۆنی فیرکردن و لیکۆلینەوەی حیزب بە مەبەستی ئاگادار بوونی زیاتری تیکۆشەرانی حیزبەکەمان لە مەبەستی ئەو سەفەرە و تیکۆشانی چەند مانگەیان، سەعات ٢/٣٠ ی سێشەمۆ ریکەوتی ١٣٨٠/٢/١٨ کۆبوونەوەیەکی گشتیی لەیەکیك لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسی پیك هینا. لەو کۆبوونەوەیەدا بەریز سکرتیری گشتیی حیزب ویرای دەربرینی خۆشحالیی خۆی لەگەرانەوە بۆ نیو هاورییان لە کوردستان، بە دریژی لەپیوەندی لەگەڵ سەفەرەکەی دا بۆ هاورییان قسەی کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەك لە هاورییان چەند پرسیاریان لە پیوەندی لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکان دا لە بەریز سکرتیری گشتیی حیزب کرد کە لەلایەن بەریزیانەوە وەلامی پیویستیان درایەوە.



## کۆریك لەبارەی: مافی کەمایەتی‌یەکان لە روانگەی حوقووقی نیونەتەوەیی‌یەوە

هاوریٚ ئاسۆ حەسەن زادە، خویندکاری کورد لەزانستگەی ستراسبورگی فەرانسە کە خەریکە دوکتورا لە حوقووقی نیونەتەوەیی دا وەربگریٚ، لەم دوایی‌یانەدا بۆ ماوەی چەند حەوتوویەك گەرایەوە بۆ کوردستان. کاك ئاسۆ لەسەر داوای کۆمیسیۆنی لیکۆلینەوەو فیرکردنی حیزب، رۆژی ١٣٨٠/١/٢٤ لە کۆریك دا بەبەشداریی سەدان کەس لە هاورییانی حیزبی، باسیکی لەسەر "مافی کەمایەتی‌یەکان لە روانگەی حوقووقی نیونەتەوەیی‌یەوە" پیشکیش کرد. ناوبراو ویرای پیناسە کردنی کەمایەتی لە روانگەی حوقووقی نیونەتەوەیی‌یەوە، ئەو مافانەی کە لە بواری ئینسانی، فەرهەنگیو. . . دا، بە گویرەی کۆنوانسیۆنە نیونەتەوەیی‌یەکان بۆ کەمایەتی‌یەکان وەبەرچاو گیراون، هینایە بەرباس. لە دریژەی کۆرەکەدا، کاك ئاسۆ وەلامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە.



## باسیك لەسەر دیموکراسی و سیستەمی حکوومەتی

رۆژی ١٣٨٠/٢/٥، لە کۆبوونەوەیەکی گشتی بەبەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاورییانی حیزبی دا، هاوریٚ تەیموور مستەفایی ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب باسیکی لەبارەی "دیموکراسیو سیستەمی حکوومەتی" پیشکیش کرد. ریشەی دیموکراسی، جۆرەکانی دیموکراسیو شوینی زەمان و مەکان لەسەر ئەو دیاردەیەو بیگانە بوون و ناتەبایی سیستمی حکوومەتی و قانوونەکانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دیموکراسی، لە سەردیرەکانی ئەو باسە بوون.

١٤

# به مەبەستی ناسینی زیاتری گۆڤاری "تیشك"




**خوینەرانی بەریز!**

**"تیشک" گۆڤاریکی سیاسی، ئابووری، میژوویی‌و گشتی‌یە کە لە لایەن کومیسیونی فیرکردن‌و لیکۆلینەوەی حیزبی دیموکراتی‌کوردستانی ئیرانەوە دەردەچیٚ. یەکەمین ژمارەی "تیشک" ـ کە گۆڤاریکی وەرزی‌یە ـ لە مانگی جۆزەردانی ١٣٧٧دا چاپ‌و بلاو کرایەوەو تا ئیستاش حەوت ژمارەی لیٚ چاپ بووە. رۆژنامەی "کوردستان" بۆ ئاشنایەتیی زیاتری خوینەرانی خۆی لەگەڵ چونیەتیی چاپ‌و بلاو بوونەوەی گۆڤاری"تیشک" بە پیویستی زانی چاوپیکەوتنیک لەگەڵ بەریز کاك سمایل بازیار لە دامەزرینەران‌و یەکیک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی "تیشک" پیک بینیٚ، و خوینەرانی لەگەڵ هۆیەکانی بلاو بوونەوەو ئامانجەکانی گۆڤاری "تیشک" ئاشنا بکا. بەریز کاك سمایل بەم شیوەیە وەلامی پرسیارەکانی"کوردستان"ی دایەوە:**

١٠

**له دەرەوەی وڵات یارمەتی‌یە مالی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

**بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بروانە ئەم لاپەڕەیەی ئینتێرنێت:**

http: // W W W. Pdk- iran. 0rg
e- mail: pdkiran @ club- internet. fr

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**